# گوتیان ئادەم یەکەم مرۆڤ نیە

نوسینی

باوکی غەزالی مەلاڕەزوان



## ئادەم یەكەم مرۆڤەو جیاوازیش نیە لە نێوان ناوی إنس و بەشەر

١ـ وەڵامی گومانی یەكەم

ئایە جیاوازی هەیە لە نێوان إنسان و بەشەر لە ڕووی زمانەوانی شەرعەوە؟

بەناو هەندێ نوێخوازی ئەم سەردەمە كە قولو فولی لێك جیا ناكانەوە ئینجا هاتوونە قسە لەبارەی دینەوە ئەكات و بۆئەوەی دینی ئیسلام ڕێك بكات لەگەڵ نەزەریەكەی داریۆن هاتووە وشەی ئینسانی جیاكردووەتەوە لە بەشەر گوایە مرۆڤی تر هەبووە بەر لە ئادەم بەوان گوتراوە ئینسان ئەمما بە ئادەم و نەوەكانی گوتراوە بەشەر، بزانین ئەو چەواشەكاریەیان تا چەنێك ڕاستە؟

با بچینە لای زمانزانەكان و خاوەن فەرهەنگەكان

١ـ إبن المنظور لە (لسان العرب)دا ئەفەرمووێ:

إنسان: مەست پێی ئادەمە. لە بنەڕەتدا فیعلەیانونە (فعلیان) لە ئینسەوە هاتووە، وە جەوهەریش گوتویەتی: تەقدیری إنسان فعلان یائی بچوككردنەوەی بۆ زیاد كراوە هەروەكوو بۆ بچوككردنەوەی رجل پیاو گوتراوە رویجل پیاوۆكە، وە هەندێكیش گوتویانە: بنەڕەتەكەی إنسیانییە لەسەر إفعلان، یائەكە ڕەشكراوەتەوە لەبەر زۆر بەكارهێنانیان لەسەر زمانیان، جا ئەگەر بچووكی بكەنەوە ڕەتی ئەكەنەوە لەبەرئەوەی بچوككردەنەوە زۆر ناكات. وە ئەو وتەیەی خوای گەورەش كە ئەفەرمووێ: (أكان للناس عجبا أن أوحینا إلی رجل منهم). واتە: ئایا لای خەڵكی شتێكی سەیرە ئێمە وەحی بكەین بۆ پیاوێ لە خۆیان. جا ئیبن و مەنڤور ئەڵێ: ناس لێرەدا خەڵكی مەككەیە. وە ئوناسیش (أناس) لوغەیەكە لە ناس،

سیبەوەهی گوتوویەتی: ئەصل لە ئینساندا (الأناس) ئەلئوناسە بە سوککراوی، ئەلیف و لامیان لاداوە لەبری هەمزەیان داناوە، وە لە سیبەوەیهیش گێڕدراوەتەوە کەوا الناس الناس، خەڵکی خەلکی واتە خەڵك لە هەموو جێگاکانە.

وە إنس: کۆمەڵێکە لە خەڵکی، جەمعەکەی أناسا، وهم الأنس، ئەوان کۆمەڵە خەڵکێکن، تۆ ئەڵێی: رأیت بمکان کذا وکذا أنسا کثیرا أي ناسا کثیرا، واتە: لە شوێنێکی ئاواو ئاوا ئەنەسێکی زۆرم بینی. واتە: خەڵکێکی زۆر.

٢ـ خاوەنی کتێبی (مختار الصحاح) ئیمامی محمدی کوڕی ئەبو بەکری ڕازی ئەفەرمووێ:

إنس: (الإنس) بەشەرە، دانەیەکیش (إنْسِي) بە کەسرەو سکونی نوونە، وە (أَنَسِي) بە دوو فەتحەیە، وە جەمعیش (أناسی): خوای گەورە ئەفەرمووێ: (وأناسی کثیرا) واتە: زۆرێك لە خەڵکی. وە بە ئافرەتیش ئەگوترێ: إنسان بەڵام پێی ناگوترێ: إنسانە، وە بچوککراوەی إنسانیش (أنسِیان) ئیبن و عباس ڕەزای خوایان لێ بێ فەرموویەتی: "بۆیە ناونراوە لە ئینسان لەبەرئەوەی پەیمانێکی درایێ لەبیری کرد". وە(الأناس) بە زەمە ئەوە لوغەتێکە لە (الناس) کە ئەوەش ئەصلە.

بەشەر: هەر ڕازی ئەفەرمووێ: (البشره) وە (البشر) زاهیری پێستی ئینسانە، وە (البشر) خەڵکە.

ئیبن و مەنزووریش ئەفەرمووێ: "بەشەر خەڵکە کە بە نێرو مێ ئەگوترێ، جا لە یەك بەشەر و دوو بەشەرو جەمعیشدا تەسنیەو جەمع ناکرێت وەك بگوترێ:

هى بشر، (واته: هیەی مێیەتی دوو بەشەر یاخود کۆمەڵێك بۆ بەشەر بەکارنایێت) بەڵکوو هو (کە نێرە) بەکاردێت (بۆ هەموویان)".

هەروەك بەناوبانگیشە لای ژیربێژیەکان کەوا بەو جۆرە پێناسەی ئینسانیان کردووە کەوا (حیوان ناطق) واتە: ئینسان گیاندارێکی ژیربێژە. جا ئەو درۆیەتان کوو کرد کەوا لە پێش ئادەمدا ئینسان هەبوونە ڕوحیان نەبووە، وە تەکلفیان نەبووە، وە لە ڕووی عەقڵیەوە کامڵ نەبوونە؟ ئەمەتان لە چ کتێبێکی مێژوویی دۆزیەوە؟

سەید شەریفی جورجانیش ناوی بەشەرو ئینسانی وەکوو یەکدانەوەو یەك مەفهوم دەگەیەنێ وەك دەفەرمووێ:

مصادرة من المطلوب: سەلماندنی بەشێکی داواکراو ئامانج ئەوەیە وا ئەکات کەوا دەرەنجام بەشێك بێ لە قیاس، یاخود دەرنجام ناچار ئەکات کەوا بەشێك بێت لە قیاس، هەروەکوو وتەی ئێمە: (ئینسان بەشەرە، وە هەموو بەشەرێکیش دەم بە پێکەنینە، لە دەرەنجام دەرئەکەوێ کەوا ئینسان دەم بە پێکەنینە، جا (پێشەکیە) گەورەکە لێرەیە، وە داواکراویش یەك شتە، چونکە بەشەرو ئینسان موڕادیف و بەرامبەری یەکن، کە یەکگرتنی تێگەیشتنەکەیە، ئیتر لەوەوە ئەبێتە (پێشەکی) گەورە، وە دەرەنجامەکەیش یەك شتە". وتەکەی کۆتایی هات.

با چەند ئایەتێکیش بهێنین کە هەمان مەفهوومی هەیە لەوانە:

١ـ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ ﴿١٣﴾﴾[1]. ناس واتە: خەڵك مرۆڤ، واتە: ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە ئێوەمان لە پیاوو ژنێك دروستکردووە کە ئادەم و حەووان و، ئێوەمان کردووە بە چەند نەتەوەو هەر نەتەوەیەك بە چەند خێڵ و هۆز کە بچنەوە سەر یەك بنەچە کە ئادەم و حەووایە، بۆئەوەی لەناو خۆتاندا یەکتر بناسن. بەڕاستی بە قەدرو حورمەتترتان لای خوا ئەوەتانە زۆر لە خوا بترسێ و خۆی لە گوناهـ بپارێزێ. خوا هەموو شتێ ئەزانێ و لە هەموو شتێ ئاگادارو شارەزایە. باسی بنەڕەتی دەستپێکی ئینسانی کرد کە لە ئادەم و حەوواوە سەری هەڵداوە ئینجا کۆتایی ئایەتەکەش باسی دینداری و تەدەیون ئەکات کە هەروەك مەعلومە یەکەم پێغەمبەر لە نێو ئینسانەکاندا ئادەم بووەو یەکدەنگی زانایانیشی لەسەرە کە ئەمری بە چاکەو نەهی لە خراپەی پێکراوە.

٢ـ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾﴾[2].ئەی خەڵکینە یان ئەی ئادەمیزادەکان خوای خۆتان بپەرستن، خوایەکە کە ئێوەو خەڵکی پێش ئێوەشی دروست کردووە، بەو ئومێدەی تەقوای خوا بکەن و خۆتان لە سزای بپارێزن. لێرەش باسی خەڵکی ئەکات بە گشتی و دیاری نەکردووە وەکوو ئایەتی یەکەم، ناس لێرەشدا واتە: خەڵك مرۆڤ.

---

[1] سورة الحجرات: ١٣

[2] سورة البقرة: ٢١

٣ـ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَمَاتُواْ وَهُمۡ كُفَّارٌ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ لَعۡنَةُ ٱللَّهِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجۡمَعِينَ ﴿١٦١﴾﴾[٣]. واته: ئەوانەی کافرن و ڕاستی دەشارنەوەو بەکافری ئەمرن نەفرینی خوداو فریشتەو خەڵکیان لەسەرە، هی هەموویان. لێرەش ناوی الناسی بەکارهێناوە بۆ خەڵکی بەڵام دیاری نەکردووە ئەو خەڵکانە کێن واتە: بۆ گشتی بەکاری هێنا. وە بەهەمان شێوەش باسی ئیمان و تەدەییونی کردووە.

٤ـ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَكُمُ ٱلرَّسُولُ بِٱلۡحَقِّ مِن رَّبِّكُمۡ فَـَٔامِنُواْ خَيۡرٗا لَّكُمۡۚ ﴿١٧٠﴾﴾[٤]. واتە: ئەی خەڵکینە وا بەڕاستی محمدەتان بە پێغەمبەری بۆ هات لە لایەن خوداوەو ئاینی ئیسلامی بۆ هێناون، ئیمانی پێ بهێنن و پەیڕەوی بکەن، چونکە ئەو ئیمان هێنانە خێری بۆ ئێوە تێدایە لە دونیاو دوارۆژ. لێرەش ناوی الناسی بۆ یەك کەس بە دیاری کراوی نەهێناوە بەڵکوو بۆ تێکڕای خەڵکیە بەگشتی. وە لەگەڵ ئەوەش باسی ئیمان ناردنی پێغەمبەر ئەکات، لەگەڵ الناسەکە بێگومان پێش ئادەم نە خەڵك هەبووە، وە نەپێغەمبەرو پەیامیش نێردراوە.

٥ـ ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمۡ فِي شَكّٖ مِّن دِينِي فَلَآ أَعۡبُدُ ٱلَّذِينَ تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِنۡ أَعۡبُدُ ٱللَّهَ ٱلَّذِي يَتَوَفَّىٰكُمۡۖ ﴿١٠٤﴾﴾[٥]. واتە: بڵێ: ئەی خەڵکینە! ئەگەر ئێوە گومانتان لە دینەکەی من هەیەو بەڕاستی نازانن ئەوە دڵنیا بن من هەرگیز عیبادەت ناکەم بۆ ئەوانەی ئێوە عیبادەتیان بۆ ئەکەن غەیری خودا، بەڵکوو عیبادەتی ئەو خوایە ئەکەم کە ئێوە ئەمرینێ. لێرەش گوفتارەکەی گشتیە وە

[٣] سورة البقرة: ١٦١

[٤] سورة النساء: ١٧٠

[٥] سورة يونس: ١٠٤

هەمیش بەپێی سەبەبی نزولی بۆ کۆمەڵێك لە کافرەکانی قورەیش دابەزیوە، جا ناویان نەهێنراوە، واتە: دیاری نەکردووە بۆ تاکە کەسێك بێ. وە بەهەمان شێوە باسی دین و تەدەییون ئەکات کە ئەوەش بەر لە ئادەم نە خەڵك نە دین نە پێغەمبەر بوونی نەبووە.

٦ـ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَكُم بُرۡهَٰنٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ نُورٗا مُّبِينٗا ١٧٤﴾[٦]. واتە: ئەی خەڵکینە بە ڕاستی لە لایەن خوداوە دەلیلی زۆر بەهێزتان بۆ هاتووە بۆ ئیسپاتی گەورەیی و بێ هاوتایی خوای تواناو دەسەڵاتدار، وەك موعجیزەکان کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پیشانی دا. وە ڕوناکیەکی ئێجگار پڕتەودارمان بۆ ناردن کە قورئانی پیرۆزەو پڕە لە زانیاری و ئامۆژگاری و هۆیە بۆ بەختەوەری ئێوە لە دونیا و قیامەت. لێرەش گشتیەو دیاری نەکراوە بۆ تەنیا کەسێك، وە باسی پەیام و تەدەیوون ئەکات.

٧ـ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡۚ إِنَّ زَلۡزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَيۡءٌ عَظِيمٞ ١﴾[٧]. واتە: ئەی خەڵکینە لە خوا بترسن بەڕاستی بوومەلەرزەی زەوی کە لە پێش قیامەتدا ڕووئەدا شتێکی گەورەو سامناکە. لێرەش الناس گشتیەو دیاری نەکراوە بۆ کەسێك کەوا گوفتارەکەی بەتەنیا لەگەڵ ئەو کەسە بێ یاخود بە ناڕاستەوخۆ باسی کۆمەڵە خەڵکێك بکات، وە لەگەڵ ئەوەش باسی تەدەییون ئەکا لەگەڵ هاتنی قیامەت. ٨ـ ﴿ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدۡ جَمَعُواْ لَكُمۡ فَٱخۡشَوۡهُمۡ

---

[٦] سورة النساء: ١٧٤

[٧] سورة الحج: ١

فَزَادَهُمۡ إِيمَـٰنًا وَقَالُواْ حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾﴾[8]. واته: هەندێ لە خەڵكان گوتیان: وا خەڵكانێك بۆتان كۆبوونەتەوە بۆئەوەی هێرشتان بكەنە، كەچی ئەو موسڵمانانە ئیمان زیاتر بە خوای گەورەو گوتیان: هەر خودامان بەسە كە چاكترین پشت و پەنایە. سەبەبی نزولی: ئەو الناسەی یەكەم: جەماعەتێكی هۆزی (عبد قیس) بوون. وە الناسی دووەمیش ئەبو سوفیان و جەماعەتەكەیەتی. كاتێ ئەو موسڵمانانەی كە بیستیان ئەبو سوفیان و جەماعەتەكەی دووبارە گەڕاونەتەوە بۆ شەڕكردن، دوای پێغەمبەر كەوتن، لەگەڵ برین و ئازاریشدا بەرەو دوژمن ڕۆیشتن و نەیانویست لەو پاداشتە بێ بەش بن، لە ڕێگادا تووشی هۆزی عبد قیس بوون و ئەوان بە موسڵمانەكانیان گوت: ئەبو سوفیان و جەماعەتەكەی خۆیان كۆكردووەتەوە بۆتان، بەم قسەیە ویستیان موسڵمانەكان بترسێن بەڵام ئەمان نەترسان، بەڵكوو زیاتر ئیمانیان بەخوداو پەیامبەرەكەی زیاتر بوو.

٩- ﴿وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ﴿٥٦﴾﴾[9]، واتە: جنۆكەو ئادەمیزادم دروست نەكردووە ئیللا بۆ ئەوە نەبێ كە بم پەرستن. جا لێرەشدا گشتیە، واتە: هەروەك چۆن جنەكانی دروستكردووە بۆ بەندایەتی خوای گەورە بە هەمان شێوە مرۆڤەكان یان ئادەمیزادەكانی دروست كردووە بۆ ئەو كارە گرینگە. لێرەش دەركەوت كە مەفهوومی ئینس الناسەو بە مانای ئادەم و ڕۆڵەكانیەتی وەكوو ئایەتەكانی سەرەوە، وە لەگەڵ ئەوەش باسی تەدەییون ئەكات.

---

[8] سورة آل عمران: ١٧٣

[9] سورة الذاريات: ٥٦

١٠ـ ﴿لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ ٤﴾[١٠]. واته: سوێند به هەموو ئەوشتانەی کە خودا لە پێش ئەو ئایەتە سوێندی پێ خوارد بێگومان ئێمە ئینسانمان واتە مرۆڤمان واتە ئادەمیزادمان، واتە: خەڵکمان واتە: بەشەرمان لەسەر جوانترین شێوەی ڕێك و پێکدا دروستکردووە. ئەو جا هیلانە ئەڵێن: مرۆڤ لە پێش ئادەمدا هەبووەو ڕێك و پێك نەبووەو لەسەر دەست و پێکانی ڕۆیشتووەو رۆحیشی نەبووە. کەچی بێ خەبەرن ئەوەتە خودا بە ڕوونی باسی ناسی کردووە کە لەسەر جوانترین شێوە بەدی هێناون، بەمەش درۆکەی ئەوانمان سپی کردەوە، ئینجا لە دوای ئەو ئایەتەش باسی تەدەبیوونە وەکوو باقی ئەو ئایەتانەی کە لە پێشدا تەفسیرمان کرد.

١١ـ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلۡكَرِيمِ ٦ ٱلَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّىٰكَ فَعَدَلَكَ ٧ فِيٓ أَيِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ ٨﴾[١١]. واته: ئەی ئادەمیزاد یان ئەی خەڵکینە یان ئەی مرۆڤ یاخود ئەی بەشەر چی وای لە تۆ کردووە لە خۆت بایی بی لە ئاستی خوای مەزن؟ ئەو خوایەی کە دروستی کردووی و ڕێکوپێکی کردووی و ئەندامەکانی لەشتی هەر یەکە بە پێی ئەندازەی خۆی لە جێی خۆیا داناوە، بە هەر وێنەیێ کە خۆی ویستیبێتی ئەندامەکانی لەشتی پێکەوە بەستووە. لێرەش وەکوو ئایەتەکانی سەرەوەیە هیچ جیاوازیەکی تێدا نیە الناس تێکڕای خەڵك و بەشەرە، وە لێرەش باسی تەدەیوون ئەکات. جا ئەوانە هەستاون ئەیانەوێ ئەو تەسویەو تەعدیل و دروستکردنە تەفسیربکەن بەوەی، کەوا ئینسان هەبووە بەر لە

---

[١٠] سورة التين: ٤

[١١] سورة الإنفطار: ٦ـ ٨

ئادەم لەسەر دەست قاچەکانی ڕۆیشتووە یاخود پشتی چەماوەتەوە وەکوو چەمانەوەی مەیموون، دواتر کە ئادەم لە یەکێ لە دایك و باوکی ئەوان لە دایکبوو خوای گەورە ئادەمی لەناو ئەوان هەڵبژاردو شێوەو باڵای ئادەمی ڕێك کردەوەو تەعدیلی کردو پاشان ڕۆحی پێ بداو بەرەو تەکامولی نەفسی بردی، ئەمەش ئەو پەڕی جەهلە بەدینی خودا. یەکەم خودا فەرمووی: ئێمە ئینسانمان لەسەر جوانترین شێوە دروستکردووە کەچی ئێوە هەر خوداتان بە درۆخستەوە پەنا بەخوا.

دووم: کاتێ کە خوای گەورە ئادەمی دروستکرد بێگومان ئەوە نیە خودا خەیاڵی ئەوە بکرێ خودا دەستی هەبێ و دەستەکانی لەناو قوڕ دانابێی و شێوەی ئادەمی وەکوو پەیکەر تاشێك دروستکردبێ، ئەوەی کە هاتووشە لەوبارەیەوە کە دراوتە پاڵ خودا ئەوە ڕێز لێنانی ئادەمە بۆ گرینگی ئەو بوونەوەرە تازەیە، جا کاتێ ئەو قوڕە هاتووەو لێکدراوەتەوە بێگومان پێویستی بەوە هەیە شێوەیەکی لێ دروست بکرێ، وە پێویستی بەوە هەیە ڕاستبکرێتەوەو تەعدیل بکرێ تاوەکوو شێوەیەکی جوانی لێ دەردەچێ. **محمد علی صابوونی** ئەفەرمووێ: "الذي خلقك فسواك واتە: ئەو کەسەی کە تۆی لە نەبوونەوە هێناوەتە وجودو ڕێکی کردووی بەوەی کە ئەندامەکانت ساغ و سەلامەت بن، بەجۆرێ کە ئەبیستی و هۆش ئەکەیت و ئەبینی. (فعدلك) واتە: باڵاتی ڕێك و پێك کردووە لەسەر جوانترین شێوەو شکڵ"[12]. لە تەفسیری جەلایەنیشدا هاتوو: الڕی خلقك واتە: دروستی کردی دوای ئەوەی کە نەبووی، فسواك واتە: خیلقەتی تۆی ڕێك کردووەو ئەندامەکانت بێ عەیبن. فعدلك واتە: شێوەیەکی ڕێك و پێك و گونجاوی ئەندامەکان بەجۆرێکی وا کە دەستێك یان پێیەك درێژتر نین لەوەکەی تر". شەوکانیش ئەفەرمووێ:"الذي

[12] (صفوة التفاسير)(ب٣/ل٥٠٣) ط. دار الصابوني

خلقك واته: تۆی له دلۆپێك ئاو دروستكردووه، داوی ئەوەی كه بوونت نەبوو، فسواك واته: تۆی كرده ئەو پیاوه كه ئەبیستی و ئەبینی و هۆش ئەكەی. فعدلك واته: ڕێك و پێكی كردووی. عەطاء فەرموویەتی: وای لیٚ كردووی به ڕێك و پێكی بوەستی بەشێوەیەكی جوان یاخود شێوەیەكی جوانیشی لەگەڵ پێداوه".

هەر له بنەڕەتدا ئایەتەكه باسی بەنی ئادەم ئەكات، وه ئیبن و كەپیریش ئەفەرمووێ: "تۆی ڕاست و ڕێك و پێك كردووەو كه چۆن ئەوەستیٚ لەسەر جوانترین شێوەو شكڵ، ئیمامی ئەحمەد له بیشری كوڕی جیحاشی قوڕەیشیەوه گێڕاویەتیەوه كەوا ڕۆژێكیان پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم تفی له نێو دەستەكانی خۆی كردو پاشان فەرمووی: خوای گەوره ئەفەرمووێ: ئەی ئادەمیزاد كەی ئەتوانی من بیٚ دەسەڵات بكەی له كاتێكدا تۆم لەوێنەی ئەوه (واته: ئەو ئاوه) دروستكردووەو تۆم ڕێك و پێك كردووه، ئینجا له نێوان دوو جلدا هاتوو چۆت كرد، زەویش ماڵی تۆیه، كۆت كردەوەو مەنعت كرد، هەتاوەكوو ڕۆح گەیشته گەردن، گوتت ئەبەخشم، ئێستا كاتی بەخشینه؟ بەهەمان شێوه ئیبن و ماجەش ڕیوایەتی كردووه. وه هەروەها بەغەویش له كەلبی و موقاتیلەوه گێڕاویەتیەوه كەوا ئەو ئایەته له بارەی ئەسوەدی كوڕی شوڕەیقەوه دابەزی كه له پێغەمبەریدا صلی الله علیه وسلم، كەچی له حاڵەتی ڕەهنەكەدا سزای نەدرا"[13].

ئیمامی طیبیش ئەفەرمووێ: "الذي خلقك فسواك فعدلك واته: خوای گەوره یەكەمجار ڕێزی له ئینسان ناوه بەوەی كه لەنەبوونەوه هێناویەته وجود، دووەمجار بەوەی كه توانای كردنی كارو كردەوەی پێداوه"[14]. وه ئیبن و عاشوڕیش

---

[13] (تفسير إبن كثير)(ب٨/ل٣٤٢) ط. دار طيبة

[14] (تفسير الكشاف بحاشية الطيبي)(ب١٦/ل٣٢٤) ط. جائزة دبي الدولية للقرآن الكريم.

ئەفەرمووێ: "پێناسەی ئینسان پێناسەی جنس و ڕەگەزە، بۆیە زۆرینەی موفەسسیرەکان حەملیان لەسەر ئەمە کردووە کەوا مەبەست لێی ئینسانێکی دیاری کراو نیە (واتە: گوفتارەکە بۆ تێکڕای خەڵکیە) وە قەرینەی ئەمەش سیقاقی وتەکەیە لەگەڵ ئەو وتەی کە لە پاشە خۆی هاتووە (بل تكذبون بالدين، وإن عليكم لحافظين)، ئەم گشتیەش مەبەست پێی ئەو کەسانەیە کە ئینکاری زیندووبوونەوەیان کردووە، جا مونکیری زیندووبوونەوەش ئیللا کەسێکی موشرێکە، لەبەرئەوەی ئینکاری زیندووبوونەوەو شیرك لەو ڕۆژەدا بەیەکەوەن، ئەوە لە گشتیەو مەبەستی پێی تایبەتە بە قەرینەی یاخود گشتگیریەتی عورفی لەبەرئەوەی زۆرینەی گوفتار لەگەڵ کراوان لەسەرەتای بانگەوازی ئیسلامەتی موشریکەکان بوو......، ئیبن و عباس و عەگاو فەرموویانە: ئینسان لێرەدا وەلیدی کوڕی موغەییرەیە، وە لە عیکرەمەوەش گێڕدراوەتەوە کەوا مەبەست پێی ئوبەی کوڕی خەڵەفە، وە هەر لە ئیبن و عەبباسەوەش گێڕدراوەتەوە کەوا مەبەست پێی ئەشەددی کوڕی کەلدەتی جومەحیە، وە لە کەلبی و موقاتیلەوەش هاتووە: کەوا مەبەست پێی ئەسوەدی کوڕی شورەیقە......، ئینجا ئیبن و عاشور تەفسیرەکە ئەکات: خەڵق و تەسویەو تەعدیل و جوانی شێوە ئەمە لە سۆزەوە بۆ دروستکراو (کە مرۆڤە)، کە نیعمەتێکە بەسەریەوە، جا هەموو ئەمانە پیشاندانە بە لۆمەکردن لەسەر کوفرانە کردنی نیعمەتی ئەو بەهۆی عیبادەتی غەیری خۆیەوە، جا چەندابوونی پەیوەندیەکان ئەگەرچی هەندێکیان بێ نیازە لەوەی باسی ئەوەکەی تر بکرێ، لەبەرئەوەی تەسویە حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی بەدیهێنان، باسکردنەکەی کافیە لە هێنانی باسکردنی خەڵق وەکوو وتەی خوای گەورە: ﴿فَسَوَّىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖۚ ﴿٢٩﴾﴾ سوره البقرة:٢٩. واتە: حەوت ئاسمانی دروستکردووە،

لێرە تەسویە بەمانای بەدروستکردن دێ هەر بۆیەش ئیبن و عاشور وای فەرموو)، بەڵام کە هەر دووکیانی لە ئایەتەکەی پێشوو هێناوە ئەوە دەرختنی پلەکانی نیعمەتە، ئەمەش لە موبالەغەکردنی مەبەستە کە باسی هەموو پەیوەندیەکان بکرێت و لەسەری بوەستێنرێ بە تایبەتی، وە لە داخوازیەکانی موبالەغەکردنیش مەقامی لۆمەکردنە. وە خەلقیش: هێنانە وجودە لەسەر ئەندازەیەکی مەقصود. وە تەسویەش: شتەکەی سەوی کرد واتە: ڕاست و ڕێك و سەلامەتی کرد. وە لە یەکێ شتەکانی تەسویەش ئەوەیە: هێزو سوودەکانی خودی وا گێڕاوە کەوا ڕێك بێ و جیاواز نەبێ لە ئاسەواری هەڵسانی بە کاروبارەکانی بە شێوەیەك ئەگەر هەندێکیان تێکچوو ئەوە کێشەکە سەرئەکێشێ بۆ ئەوەکانی تر، بۆیە کەم و کوڕیەك بەدیهات لە ئیدراك یاخود هەستکردن یاخود تێکچوونی میزاج بەدیهات یاخود ئازارێك تیایدا، جا تەسویە کۆکەرەوەیە بۆ ئەو مانایە مەزنە. وە تەعدیلیش: گونجاویە لەنێوان بەشەکانی جەستە وەکوو گونجاوی دەستەکان و پێیەکان و چاوەکان و شێوەی ڕخسارو، جیاوازی نیە لە نێوان دوانەییان، وە ناشیرینیەکیش نیە لە هەموویاندا، وای کردووە باڵایەکی ڕێك و پێك بێ"[١٥]. جا وتەی هەموو موفەسسیرەکانی ئیسلام بهێنین هەر بەوجۆرە لێکیان داوەتەوە، ئیتر ئەو بەناو نوێخوازە داروینیزمە عەلمانیانە بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی زوڵاڵی زمانی قورئان و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەلفازەکان لە شوێنی خۆیان و دەقە نەقلیەکانی زاناکان هەستاون قورئان تەفسیر ئەکەن تاوەکوو لەگەڵ نەزەریەی داریۆنیزمی یەك بگرێتەوە بە حیسابی خۆیان داریۆنیزمی بووەتە نەزەریەکی

[١٥] (التحرير والتنوير للشيخ طاهر إبن العاشور)(ب٣٠/ل١٧٥) ط. دار التونسية.

زانستی و ناتوانین ئینکاری لیّ بکەین. خودا پەنامان بدات، لێرەش درۆی ئەوانەمان خستە بەردیدی خوێنەران.

١٢ـ ﴿فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ۝٥ خُلِقَ مِن مَّآءٖ دَافِقٖ ۝٦ يَخۡرُجُ مِنۢ بَيۡنِ ٱلصُّلۡبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ۝٧﴾[16]. واتە: دەسا با ئینسان یاخود مرۆڤ یاخود ئادەمیزاد یاخود بەشەر (هەموویان هەر یەك مانا ئەدەن) وردبێتەوە لە چی دروستکراوە؟ لە ئاوێکی هەڵقوڵاو دروستکراوە، لە نێوان پشتی پیاوو ئێسکی سنگی ئافرەتەوە دەرئەچیّ. سەیرکەن لێرەش باسی ئینسانی کردووە کە نەوەکانی ئادەمەن لە باوکە ئادەم و حەوواوە لە ڕێی ئەو ئاوەوە دروستبوونە، جا لە دوای ئایەتەکانەوە تا کۆتایی سەرنجی بینەری بۆ ڕۆژی زیندووبوونەوە ڕاکێشاوە کە ئەوەش پەیوەندی بە ئیمان و تەدەبیونەوە هەیە.

١٣ـ ﴿خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِن صَلۡصَٰلٖ كَٱلۡفَخَّارِ ۝١٤﴾[17]. واتە: خودا ئینسانی لە قوڕێکی وشك بوو وەکوو فەخفووری دروستکردووە. کە ئادەمە سەلامی خوای لەسەر بیّ. وەك سەروەریشمان فەرموویەتی: هەمووتان لە ئادەمن و ئادەمی لە خاك. محمد علی صابوونی ئەفەرمووی: "باوکتان ئادەمی دروستکردووە لە قوڕێکی وشکەوەبوو کە دەنگی صەڵصەڵەی لێوە ئەبیسترا ئەگەر بێت و پلێك یاخود شتێکی لیّ بدرایە، جا موفەسسیرەکان ئەفەرموون: خوای گەورە لەو سوڕەتەدا باسی دروستکردنی ئادەمی کردووە لە (صلصال کافخار)، وە لە سورەتی الحجر:٢٦ باسی قوڕێکی ڕەشی گۆڕدراوی کردووە (من صلصال من حمأ

[16] سورة الطارق: ٥ـ٧

[17] سورة الرحمن: ١٤

مسنون)، وه له سورەتی الصافات: ١١ باسی قوڕێکی کردووه که بەدەستەوه ئەنووسێ (من طين لازب). وه له سوڕتی ئالی عیمڕانیش: ٥٩ باسی خاك ئەكات (كمثل آدم خلقه من تراب). جا ئەمە ناكۆكی له نێوانیاندا نیه، چونكه خوای گەوره له خاك و خۆڵی زەوی وەرگرتووەو تێكەڵی كردووه لەگەڵ ئاو لەوەوه بووەتە قوڕێكی بەدەست وەنووساو، پاشان لێی گەڕاوه هەتاوەكوو بووەتە قوڕێكی ڕەشی بۆن ناخۆش، پاشان شێوەی كێشاوه هەروەكوو چۆن شێوەی دەفرو قاپ ئەكێشرێ، پاشان وشكی كردووەتەوه هەتاوەكوو ڕەقداهەڵگەڕاوەو وەكوو فەفخووری لێهاتووه ئەگەر پلێكی لێ بدرێ دەنگێكی لێوه دێ، جا ئەوه كۆتا ئەگوارو قۆناغی دروستبوونی ئادەمە"[18]. زاناكانی ئەهلی سوننەو جەماعە ئەفەرموون ئایەتە پێكچووەكان نابێ بشوبهێندرێن بە هیچ شتێك جا كابرا زیهنی بۆ ئەوه بڕواتن كەوا خودا دوو دەستی هەیەو قوڕ بەدەستی وەنووساوه ئەوه خودای شوبهاندووه بە مرۆڤ، بەڵكوو ئەفەرموون: ئەمە فریشتە دروستی كردوون لە ژێر فەرمانی خوای مەزن، هەروەكوو چۆن فریشتەكان ڕۆحی گیانداران ئەكێشن لە ژێر چاودێری فریشتەكان كەچی لە قوڕئاندا كێشانی ڕۆحەكانی داوەتە پاڵ فریشتە. هیچ شتێك وەكوو خودا نیە، جا هەموو زاناكانی ئوممەتی ئیسلام لەسەر ئەوه یەكدەنگن كەوا ئادەم بەوجۆره دروستبووه. ئایەتەكانیش یان مانای حەقیقی ئەدرێتەوه پاڵ خوداو زیهن ئەپارێزرێ لە شوبهاندن یاخود بگوترێ دەستێكی هەیە لەخۆی بووەشێتەوه ئەمانە گشتی قەدەغەن و مەنهەجی سەلەف نین، یانیش تەئویل ئەكرێ كە مەزهەبی زۆرینەی ئەهلی سوننەو بەشێك لە سەلەفی صاڵحە. ئەوەش سەلمێنرا كە ناس لێرەدا ئادەمە سەلامی خوای لەسەر بێ. ئینجا ئایەتێكیش دوای ئەو كە

---

[18] (صفوة التفاسير)(ب٣/ل٢٧٧).

باسی دروستبوونی جن ئەکات باسی تەدەییون ئەکات. وەکوو ئایەتەکانی پێشووتر.

١٤ـ ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمۡ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ .......... فَٱتَّقُواْ ٱلنَّارَ ٱلَّتِى وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ ۖ أُعِدَّتۡ لِلۡكَـٰفِرِينَ ﴿٢٤﴾﴾[19].

واتە: ئەی خەڵکینە یان ئەی مرۆڤەکان یان ئەی بەشەرەکان یان ئەی ئادەمیزادەکان خوای گەورەتان بپەرستن و بەندایەتی بۆ بکەن، چونکە زاتێکی هێندە مەزنە ئێوەو خەڵکی پێش ئێوەشی دروست کردووە، بەڵکوو خۆتان لە سزای خوا بپارێزن و تەقوای ئەو بکەن.....، وە خۆتان لەو ئاگرە بپارێزن کە سوتەمەنیەکەی ناس و بەردەکانە واتە: سوتەمەنی دۆزەخ مرۆڤـ و بەردە. لێرەش دەرکەوت کەوا ناس گشتیەو تایبەت نیە، وە باسی تەدەییونیشی کرد.

١٥ـ ﴿وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتۡلُواْ ٱلشَّيَـٰطِينُ عَلَىٰ مُلۡكِ سُلَيۡمَـٰنَ ۖ وَمَا كَفَرَ سُلَيۡمَـٰنُ وَلَـٰكِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحۡرَ ﴿١٠٢﴾﴾[20]. واتە: ئەوانە سەرەڕای ئەوەی کتێبی خودایان خستە لاوەو بەگوێیان نەکرد کەوتیشنە شوێنی ئەوەی شەیتانەکان لە سەردەمی سولەیمان پێغەمبەردا ئەیانخوێندەوە. سولەیمان کافر نەبوو بەڵام شەیتانەکان کافربوون، جادوویان فێری خەڵکی ئەکرد. لێرەش دەرکەوت ناس دیاری نەکراوەو کۆمەڵێك لە خەڵکیان فێری سیحر کردووە، لێرەش باسی تەدەییون ئەکات کەوا خۆیان بەدوور بگرن لە کوفرو سیحر.

---

[19] سورة البقرة: ٢٢ـ ٢٤

[20] سورة البقرة: ١٠٢

١٦ـ ﴿أَوَلَا يَذۡكُرُ ٱلۡإِنسَٰنُ أَنَّا خَلَقۡنَٰهُ مِن قَبۡلُ وَلَمۡ يَكُ شَيۡـٔٗا ٦٧﴾[21]. واته: ئایا ئەم ئینسانه بیر لەوه ناکاتەوه کەوا ئێمه لەمەوبەر ئەومان دروستکردو لەکاتێکدا ئەو وجودی هەر نەبوو؟. لێرەش باسی ئینسانی کردووه که ئایەتەکەی پێشه خۆی باسی کەسی کافر ئەکات کاتێ که ئەڵێ ئایا که مردم لەوەو پاش به زیندوویی له گۆڕ دەرئەهێنرێمه دەرەوه؟ جا لێرەش دیاری نەکراوه بەڵکوو ئاماژەی به ئنسانه کافرەکانه واته مرۆڤ و بەشەره کافرەکان که هەمووی یەك واتان، ئینجا دوای ئەو ئایەته باسی دۆزەخ ڕۆژی دوایی ئەکات بۆ ئەوەی تەدەبیون بکەین خۆمان بپارێزین.

١٧ـ ﴿۞ مِنۡهَا خَلَقۡنَٰكُمۡ وَفِيهَا نُعِيدُكُمۡ وَمِنۡهَا نُخۡرِجُكُمۡ تَارَةً أُخۡرَىٰ ٥٥﴾[22]. لەو خاکی ئەرزه ئێوەمان دروستکردووەو پاش مردنیش ئەتانگێڕمەوه بۆ ناو ئەو خاکە، وه له ڕۆژی قیامەتیشدا لەوێ دەرتان ئەهێنم و جارێکی تر زیندووتان ئەکەمەوه. لێره باسی خاکی کردووه که بابه گەورەکەیان ئادەمه لەو خاکه به چەند قۆناغێکدا دروستکرا، دواتر نەوەکانیشی له ڕێی دڵۆپەی باوکه ئادەم و حەوواوه بەدیهاتن، وه پێکهاتەی ئادەم و نەوەکانی هەر لەو خاکەیه، بۆیه کەشی ئەبێتەوه ئەبێتەوه خاك، وه جارێکی تریش هەر لەو پێکهاتەی که دروستکران زیندوو ئەکرێنەوه. بۆیه ئەو ئایەتەم هێنا چونکه موناسەبەی لەگەڵ دروستکردنی ئادەما هەیه. ئینجا له دوای ئەو ئایەتەش باسی تەدەبیون ئەکات که فیرعەون

[21] سورة مريم: ٦٧

[22] سورة طة: ٥٥

ئایەتەکانی خوای گەورەی بەدرۆ خستەوە بۆیە ئێوەش نەکەن وەکوو ئەو بن پێغەمبەرو موعجیزەکانی پێغەمبەرو دین و شەرعی خوا بەدرۆ بخەنەوە.

١٨ـ ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ مِن سُلَـٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ثُمَّ جَعَلْنَـٰهُ نُطْفَةً فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿١٣﴾ ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَـٰمًا فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَـٰمَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَـٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ ۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَـٰلِقِينَ ﴿١٤﴾﴾[٢٣]. واتە: بەڕاستی ئێمە ئادەمیزاد یان ئینسانمان لە پوختەیەك لە قوڕ دروستکرووە (مەبەستی ئەو ئینسانە ئادەمە وەکوو ئایەتەکانی پێشووتر)، پاش ئەوە نەوەی ئەو پوختەی گڵەمان کرد بە تۆمێ کە لە جێگایەکی پارێزراوا ڕامانگرتووە کە منداڵدانی دایکە، پاش ئەوە ئەو تۆیەمان کرد بە پارچەیێ خوێن، پاشان ئەو پارچە خوێنەمان کرد بە پارچە گۆشتێ، پاش ئەوە ئەو پارچە گۆشتەمان کرد بە ئێسقان، ئەوجا گۆشتمان کردە بەری پارچە ئێسقانەکە، ئەوجا کردمان بە دروستکراوێکی تر کە ئەو منداڵەیە لە منداڵدانی دایکی دێتە دەرەوەو لە دایك ئەبێ، ماشاء الله چەند گەورەو پیرۆزە خوا کە جوانترین دروستکەرێکە بە خەیاڵی ئادەمیزادا بێت. محمد عەلی صابوونی ئەفەرمووێ: "ئیبن و عەباس لە تەفسیری ئەو ئایەتە ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ مِن سُلَـٰلَةٍ مِّن طِينٍ﴾ فەرموویەتی: ئەوە ئادەمە لەبەرئەوەی لە قوڕ دەرچووە واتە: بەدیهاتووە، ئینجا دوای ئەویش نەوەکانیەتی کە لە نوتفە دروستبوونە".[٢٤] ئیبن و ئەپیر سەبارەت بە سولالە ئەفەرمووێ: "فەرموودەی (بِسُلاَلَةٍ مِنْ مَاءِ ثَغْب) أي مَا أُسْتُخْرِجَ مِنْ مَاءِ الثَّغْبِ وَسُلَّ مِنْهُ.

---

[٢٣] سورة المؤمنون: ١٢ـ ١٤

[٢٤] (صفوة التفاسير)(ب٢/ل٢٧٨).

واتە: لەوەی کە دەرئەهێنرێ لە ئاوی جۆگەڵەکەو لێی دەرچوو"[25]. ئیبن و عاشوریش ئەفەرمووێ: "السلالە: شتێکی مەسلولە: واتە دەرهێنراو لە شتێکی تر، ئەگوترێ: سللت السیف: ئەگەر بێت و لە کێلانەکەی خۆی شمشێرەکە دەربهێنم، جا سولالەت پوختەیەکە لە شتێك"[26]. وە موفەسسیرەکانی تریش بەهەمان شێوە ئەو تەفسیرەیان بۆ کردووە. لێرەش دەرکەوت یەکەم ئینسان ئادەمە سەلامی خوای لەسەر بێ کە یەکەم بەشەر بووە خوای گەورە دروستی کردووەو بەر لەو هیچ ئادەم و ئینسانێکی تر بوونی نەبووە، وە ئینجا لە کۆتایی ئایەتەکەو ئایەتەکانی دوای ئەویش سەرنجی مرۆڤ بۆ ئەوە ڕائەکێشێ هەتا لە دونیادان ئیمان بهێنن و تەدەیین بکەن و خۆتان بۆ دوارۆژ ئامادە بکەن. وەکوو باقی ئایەتەکانی پێشوو.

١٩ـ ﴿أَوَلَمْ يَرَ ٱلْإِنسَـٰنُ أَنَّا خَلَقْنَـٰهُ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ ﴿٧٧﴾ وَضَرَبَ لَنَا مَثَلًا وَنَسِىَ خَلْقَهُۥ ۖ قَالَ مَن يُحْىِ ٱلْعِظَـٰمَ وَهِىَ رَمِيمٌ ﴿٧٨﴾ قُلْ يُحْيِيهَا ٱلَّذِىٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ ﴿٧٩﴾﴾[27]. ئایا ئینسان یاخود ئادەمیزاد یاخود بەشەر یاخود مرۆڤ نازانێ ئێمە ئەومان لە تۆیەك دروستکردووە، کەچی کاتێ کە پێگەیشت ئەبێ بە دوژمنێکی دیارو ئاشکرا، کابرای خوانەناس ڕزیوی بە نموونە بۆ هێنایەنەوە کە گوایە مردوو زیندوو ناکرێتەوەو دروستکردنی خۆی لە یادچوو کە چۆن لە دڵۆپێك ئاو دروستمان کردووە. وتی: کێ ئێسقانی ڕزیو زیندوو

---

[25] (النهاية في غريب الحديث والأثر لإبن الأثير)(ب٢/ل٣٩٢) ط. مكتبة العلمية

[26] (التحرير والتنوير)(ب١٨/ل٢٢).

[27] سورة يس: ٧٧ـ ٧٩

ئەكاتەوە؟ مەبەستی ئەوەبوو چۆن كۆ ئەكرێتەوەو ئەخرێتە پاڵ یەك و وەكوو جاران ئەو مرۆڤەی لێ دروست ئەبێتەوە. تۆش پێی بڵێ: ئەو كەسەی كە یەكەمجار دروستی كردووە هەر ئەویشە جارێكی تر زیندووی ئەكاتەوە. لێرەش ناس هەم گشتیە گشت كافرێك ئەگرێتەوە كە ئەم وتەیە ئەڵێ، وە هەمیش ئەو كەسەی كە ئەو وتەیە گوت سەرەتا لە مەككە لەبەردەم سەروەرمان، هەروەك ئیبن و كەثیر ئەفەرمووێ: "أولم یری الإنسان: بۆ ڕەگەزە كە هەموو ئینكاریكەرێكی زیندوو كردنەوە ئەگرێتەوە. وە ئیبن و ئەبی حاتەم بەسەندی خۆی لە ئیبن و عەباسەوە گێڕاویەتیەوە كەوا عاصی كوڕی وائیل پارچە ئێسكەكی ڕزیوی لە بەتحا بەدەستەوە گرت، جا بەدەستەكانی لێكی كردەوەو پارچەی كردو بە هەوای دا ئەداو ئەی گوت: ئەی محمد صلی الله علیه وسلم وا گومان ئەبەی خودا ئەوە زیندوو ئەكاتەوە؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ خوای گەورە ئەتمرێنێ و زیندووت ئەكاتەوە پاشان حەشرت ئەكات و ئەتخاتە ناو ئاگر"[28]. ئەو ئایەتە بۆیە دابەزی. جا سەبەبی دابەزینەكە وتەی ئەو پیاوە كافرە بوو، جا ئەو وتەی كافرە وەكوو ڕێچكەیەك بۆ ئینسانە كافرەكان ئەمێنێتەوە تا دونیا وێران ئەبێ. لێرەش سەرنجی ئیمان و تەدەبیونمان بۆ ڕائەكێشێ وەكوو ئایەتەكانی پێشوو.

٢٠ـ ﴿هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ لَمۡ يَكُن شَيۡـٔٗا مَّذۡكُورًا ۝١ إِنَّا خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن نُّطۡفَةٍ أَمۡشَاجٖ نَّبۡتَلِيهِ فَجَعَلۡنَٰهُ سَمِيعَۢا بَصِيرًا ۝٢﴾[29]. واتە: بەڕاستی ماوەیێ لە ڕۆژگار بەسەر ئادەمیزادا هاتووە لەو ماوەیەدا شتێكی ناوبراو نەبووە،

---

[28] (تفسیر إبن كثیر)(ب٦/ل٥٩٤).

[29] سورة الإنسان: ١ـ ٢

واتە: بە ئینسان یاخود بە ئادەمیزاد یاخود بە مرۆڤـ یاخود بە بەشەر ناو نەبراوە. بێگومان ئێمە ئینسانمان لە تۆیەك دروستكردووە كە تێكەڵە لە ئاوی پیاو و ژن یا تێكەڵ لە شێوەی سەرو ڕوخسارو شان و مل و دەست و سینگ و سك و پێیەكان و، ئەیگەیەنینە قۆناغی بالغ بوون و گەورەبوون و بەراوردی ئەكەین لە بیروباوەڕو كارو كردەوەداو، بۆ ئەم بەراوردە شنەواو بینامان كردووەو ئەگەر ئەم هەستانەی نەبوایە شایەنی تەكلیف لێ كردن نە ئەبوو. أمشاج واتە: تێكەڵەیەك هەندێكی لە هەندێك، وە ئیبن و عەباسیش ئەفەرمووێ: ئاوی پیاو لەگەڵ ئاوی ژنی كاتێ كۆئەبنەوەو تێكەڵ بەیەكتری ئەبن، ئینجا دوای ئەوە ئەگوازرێتەوە لە گەوڕێكەوە بۆ گەورێكی تر، واتە: لە قۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی تر. وە لە حاڵێكەوە بۆ حاڵێكی تر وە ڕەنگێكەوە بۆ ڕەنگێكی تر بەو شێوازە، عیكرەمەو موجاهیدو حەسەن و ڕەبیعی كوڕی ئەنەس فەرموویانە: ئەمشاج: ئەوە تێكەڵەی ئاوی پیاوە بە ئاوی ژن. جا ئیبن و كەپیر هەر لەسەرەتای تەفسیری ئایەتی یەكەم ئەفەرمووێ: "خوای گەورە هەواڵی لەبارەی ئینسانەوە داوە (واتە: ئادەمیزاد بەشەر) كەوا دروستی كردووە دوای ئەوەی كە وجودی نەبووە تا باسی لێوە بكرێ"[30]. لەوە دەركەوت هەموو ئەو تەفسیری ئایەتانەو غەیری ئەوانەش كە نەمان هێناون دەلیلن كەوا ناوی ئینسان گشتیەو بەپێی سیاقی كەلامەكەو قەرینەكەی تایبەت ئەكرێ، وە ئەوەشمان بۆ دەركەوت كەوا ناوی ئینسان هەركاتێ هات واتە: مرۆڤ ئادەمیزاد خەڵك بەشەر هیچ جیاوازی لە نێوانیاندا نیە. هاوەڵەكان تابیعیەكان بەوجۆرە دینیان لە سەروەرمانەوە وەرگرتووە لەبارەی تەفسیری ئەو ئایەتانەوە.

---

[30] (تفسیر إبن كثیر)(ب٨/ل٢٨٥).

# ناوی بەشەر

وە سەبارەت بە ناوی بەشەریش ئەم ئایەتانە هاتووە کە هەمان مەفهوومی ئینسان و مرۆڤ و ئادەمیزاد ئەدەن و یەك زانا لێکی جیا نەکردووەتەوەو جیاوازی نەخستووەتە نێوانیانەوە، هەروەك لەسەرەتادا گەڕاین بەناو فەرهەنگەکانی عەرەبی کە هەمان مانا بەدەستەوە ئەدەن، با ئایەتەکان بێنین لەوانە:

١ـ ﴿إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا قَوۡلُ ٱلۡبَشَرِ ٢٥﴾[٣١]. واتە: ئەم قورئانە لە قسەی ئادەمیزاد زیاتر هیچی تر نیە، مەبەستی لە پێغەمبەرمانە کە خۆی دایڕشتووە.

٢ـ ﴿۞ وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحۡيًا أَوۡ مِن وَرَآيِٕ حِجَابٍ أَوۡ يُرۡسِلَ رَسُولاً فَيُوحِيَ بِإِذۡنِهِۦ مَا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ عَلِيٌّ حَكِيمٌ ٥١﴾[٣٢]. واتە: هەرگیز هیچ کەسێك یاخود هیچ مرۆڤێك یاخود هیچ ئادەمیزادێك یاخود هیچ ئینسانێك ئەوەی نەڕەخساوە تاوەکوو قسە لەگەڵ خوای گەورەدا بکات ئیللا بەوە نەبێ کە فریشتەی وەحی بنێرێتە سەر کە جوبریلە، یا لە پشتی پەردەوە هەروەك لە تووری سینادا قسەی لەگەڵ موسادا کرد، یا پێغەمبەرێکی بنێرێتە سەرو چیی مەیل لەسەر بێ وەحی بۆ بکا تا ئەویش بە خەڵکی بگەیەنێ. خوا بەرزو باڵاو خاوەن حیکمەتە.

---

[٣١] سورة المدثر: ٢٥

[٣٢] سورة الشورى: ٥١

٣ـ ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ ﴿٦﴾﴾[٣٣]. واته: تۆش پێیان بڵێ: من هەر ئادەمیزادێك یاخود مرۆڤێك یاخود ئینسانێکی وەکوو ئێوەم بەس ئەوەندە هەیە من وەحیم بۆ ئەکرێ.

٤ـ ﴿إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّى خَٰلِقٌۢ بَشَرًا مِّن طِينٍ ﴿٧١﴾﴾[٣٤]. یادی ئەو کاتەوە بکەوە کەوا خوای گەورە بە فریشتەکانی فەرموو: من بەشەرێك یاخود ئینسانێك یاخود مرۆڤێك دروست ئەکەم لە قوڕ. ئیبن و کەپیر ئەفەرمووێ: "پاکی و بێگەردی بۆ خوای گەورە فریشتەکانی ئاگادار کردەوە پێش دروستکردنی ئادەم سەلامی لەسەر بێ، بەوەی کەوا بەشەرێك دروست ئەکات لە قوڕێکی ڕەشی گۆڕاوی بۆن ناخۆش وە کارەکەی پێ نیشاندان هەر کاتێ لێ بوومەوە لە دروستکردن و چاککردنی سوجدەی بۆ ببەن لەبەر ڕێزو گەورەیی و ئیحتڕام و جێ بەجێ کردنی فەرمانی خوای گەورە"[٣٥].

ئیمامی خەتیبی شەربینیش ئەفەرمووێ:"إنی خالق، واتە: إنی جاعل (بشرا من طین)، کە ئادەم سەلامی خوای لەسەر بێ، جا ئەگەر گوترا: چۆن صەحیحە پێیان بڵێتن من بەشەرێك دروست ئەکەم لە کاتێکدا لە پێشدا بەشەریان نەناسیوەو عەهدو شتیان لەگەڵی نەبووە؟ وەڵام: ئەکرێ پێیان گوترابێ: من خەڵقێك دروست ئەکەم سیفەتەکانی ئاواو ئاوایە بەڵام کاتێ کە باسی کردووە کورتی کردووەتەوە

[٣٣] سورة الفصلت: ٦

[٣٤] سورة ص: ٧١

[٣٥] (تفسیر إبن کثیر)(ب٧/ل٨١).

لەسەر ناوەکەی. (فإذا سويته) أي أتممت خلقه: واتە: هەر کاتێ دروستم کرد"[٣٦].

خەلق و جەعەلە لەگەڵ تەسویەو خەڵقی بەیەك مانا داناوە وەك مەعروفیشە لە زمانی عەرەبی. وە گەورەترین زمانزانی عەرەبیش کە هەموو ئوممەتی ئیسلام قەرزاری ئەون ئەویش ئیمامی زومەخشەریە ئەویش تەسویەی بە تەواوکردنی دروستکردنەکەیی و تەعدیلکردنەی لێکداوەتەوە (واتە: تەسویەو خەڵق و تەعدیلی بەیەك داناوە"[٣٧]. جا هەموو موفەسسیرەکانیش هەروایان لێکداوەتەوە، تەسویە دروستکردنە نەك لە پێشدا خەڵقێکی تر هەبووبێ لەسەر چوار پێیان بووبێ دواتر خودا ناوی بەشەری لەو کائینە نوێیە نابێ کە ئادەمەو ڕاستی کردبێتەوەو چونکە لە پێشدا لە دایك و باوکێك لە دایکبووە ئینجا جەستەیەکی جوانی بۆ پێکهێنراوەو ڕاستکراوەتەوەو ڕوحی پێدراوە ئەمەش دەرچوونە لە زمانی قوڕئان و شەرع، وە چوونە ناو فیلمەکانی هۆلیۆدە، ئەگەر بڕەك شارەزاییان لە دینەکەیان هەبایە ئەم وتە کوفرەیان بلاو نەدەکردەوە، داخی گرانم مەکتەبەکانیش بەخێرایی بۆیان چاپ ئەکەن بێ ڕەچاوکردنە لەوەی کەچی تێدایە، چونکە هەموو ئامانجەکەیان پارە پەیدا کردنەکەو بەس بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە بلاوکردنەوەی ئەو کوفریاتانە تا چەندێك جائیزە یاننا! لەو ئایەتەش دەرکەوت بەشەرو ئینسان یەك شتن کە ئادەمە بە یەکدەنگی ئوممەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، نەزانراوە یەك زانا ڕاجیاییان لەوەدا هەبووبێ کە ئادەم هەم ئینسانە وەهەمیش

---

[٣٦] (السراج المنير في الإعانة على معرفة بعض معاني كلام ربنا)(ب٣/ل٤٢٧) ط. مكتبة بولاق (الأميرية).

[٣٧] (فتوح الغيب في الكسف عن قناع الريب بحاشية الطيبي على الكشاف)(ب١٣/ل٣٢٠) ط. جائزة دبي الدولية للقرىن الكريم

بەشەرە، وە یەکەم کائینە کە خوای گەورە پاش جنەکان دروستی کردووەو باوکی هەموو ئینسانەکانە، ئەمەش هەر لەسەردەمی پێغمبەرو هاوەڵان و تابیعیەکانەوە تا ئیمڕۆکە ئەم عەقیدە پاك و صەحیحە بۆمان نەقڵکراوە، وا دیارە کەسانێك لەبەر سەرسامیان بە فیلمەکانی هۆڵیۆد وازیان لەو دینە هێناوەو بە درۆو دەلەسە بەناو فیلم و تاقیگەکان هەڵخەڵەتاون و کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەوان، لە هەمووش داخ گرانتر ئەوەیە قورئان لار بکەیەوە بۆ سەرخستنی ئیلحاد.

٥ـ ﴿وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ إِذَآ أَنتُم بَشَرٌ تَنتَشِرُونَ ﴿٢٠﴾﴾[٣٨].

واتە: یەکێ لە نیشانەکانی توانایی خوا ئەوەیە ئێوەی لە قوڕ خاك یان قوڕ دروستکردووە چونکە ئادەمیزاد هەمووی نەوەی ئادەمن و لە قوڕ دروستکراوەو، پاش ئەوە ئێوە بڵاوەی لێ ئەکەن و بە هەموو لایەکی جیهانا. ئیبن و کەپیر ئەفەرمووێ: "خوای گەورە باوکتان ئادەمی لە خاك دروست کردووە ئینجا ئێوەی بڵاوکردووەتەوە (بەسەر زەویا) چونکە ئەصڵی ئێوە لە خاکە، ئینجا لە ئاوێکی زەعیف.... هەتا شکڵی ئینسانی وەرئەگرێ"[٣٩]. لێرەش دەرکەوت جیاوازی نیە لە نێوان ئینسان بەشەر

٦ـ ﴿وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِّن قَبْلِكَ ٱلْخُلْدَ ۖ أَفَإِيْن مِّتَّ فَهُمُ ٱلْخَـٰلِدُونَ ﴿٣٤﴾﴾[٤٠].

واتە: ئێمە نەمریمان بەر لەتۆ بە هیچ کەسێك یا بەشەرێك یا ئیسنانێك یا مرۆڤێك بڕیار نەداوەو کەسمان نەمر نەکردووە، ئاخر ئەگەر تۆ بمری ئەوان بە

---

[٣٨] سورة الروم: ٢٠

[٣٩] (تفسیر إبن کثیر)(ب٦/ل٣٠٨).

[٤٠] سورة الأنبیاء: ٣٤

نەمری ئەمێننەوە؟ نەخێر، ئەوانیش وەك تۆ ئەمرن و دونیا تا سەر بۆ کەس نیە. لێرەش هیچ جیاوازیەکی نیە.

٧ـ ﴿قَالَتۡ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَٰمٞ وَلَمۡ يَمۡسَسۡنِي بَشَرٞ وَلَمۡ أَكُ بَغِيّٗا ﴿٢٠﴾﴾[٤١]. واتە: مەریەم گوتی: من چۆن کوڕم ئەبێ کە هیچ ئینسانێك یان بەشەرێك یان مرۆڤێك یان ئادەمیزادێك دەستی لێنەداوم و بە حەڵاڵی لەگەڵم جوت بێ، چونکە هەرگیز داوێن پیسیم نەکردووە!

لێرە پێم خۆشە ئایەتی گەورەمان عیسا بهێنم چونکە موناسەبەی لەگەڵ خەڵقی ئادەم و ئەو هەیە لێرەدا. ﴿إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَۖ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٖ ثُمَّ قَالَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٥٩﴾﴾[٤٢]، واتە: بێگومان لە دایکبوونی عیسا بەبێ باوك کە لای هەندێ کەس شتێکی سەیرە وەك چۆنیەتی دروستکردنی ئادەمە، ئەمە بەبێ باوك و دایك لە خۆڵ دروستی کردو پێی گوت ببە ئەویش بوو، ئیتر بۆ دروستکردنی عیساو لە دایکبوونی بەبێ باوك لاتان سەیرە. ئەمە یەکێکە لە بەڵگە بەهێزەکان کە ئادەم بەبێ دایك و باوك لە دایکبووە، گەورەمان عیساش بەبێ باوك لە دایکبووە.

شێخ تقی الدین ئیبن و تەیمیە ئەفەرمووێ: (وكان خلْق آدم وحواء أعجب من خلق المسيح " فإن حواء خُلقت من ضلع آدم ، وهذا أعجب من خلق المسيح في بطن مريم ، وخلْق آدم أعجب من هذا وهذا ، وهو أصل خلق حواء) واتە:

---

[٤١] سورة مريم: ٢٠

[٤٢] سورة آل عمران: ٥٩

دروستکردنی ئادەم و حەووا عەجایبتر بوو لە دروستکردنی مەسیح سەلامی لەسەر بێ، چونکە حەووا لە پەراسووی ئادەم دروستکرا، ئەمەش عەجایبترە لە دروستکردنی مەسیح لە سکی دایکیدا، وە دروستکردنی ئادەمیش لە هەردووکیان عەجایبترە، چونکە ئەصڵی حەووایە"[٤٣].

وە لە خەڵقی حەوواش خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ﴿٢١﴾﴾[٤٤]، واتە: یەکێك لە نیشانەکانی توانایی خوا ئەوەیە هاوجووتی بۆ دروستکردوون هەر لە جۆری خۆتاندا، پیاو بۆ ئافرەت و ئافرەتیش بۆ پیاو، بۆئەوەی دڵتان لەگەڵیان ئارام بگرێ و حەزیان لێ بکەن و خۆشەویستی و ڕەحمی لە نێوانیانتانا دروستکردووە.

﴿۞ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا ۖ ﴿١٨٩﴾﴾[٤٥]. واتە: خودا ئەو زاتە بە دەسەڵاتەیە کە ئێوەی بەرەی ئادەمیزادی لە یەك نەفس دروست کرد کە ئادەمە. هەر لە ئادەمیش حەووای هاوسەری دروست کردووە تا لەگەڵیا بژی و پێکەوە ئولفەت بگرن.

---

[٤٣] (الجواب الصحيح لمن بدَّل دين المسيح) (ب٤/ل٥٥).

[٤٤] سورة الروم: ٢١

[٤٥] سورة الأعراف: ١٨٩

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ ﴿١﴾﴾[٤٦]. واتە: ئەی خەڵكینە یان ئەی ئادەمیزادینە لە خوداب خۆتان بترسن، ئەو خودایەی ئێوەی لە نەفسێكی تەنیا، كە ئادەمە دروستكردووەو، لەم دوانەوە پیاوان و ژنانی زۆری دروستكردووەو بڵاوبوونەتەوە.

ئیمامی ڕازی ئەفەرمووێ: "موسڵمانان یەكدەنگن كەوا مەبەست بەو تەنیا نەفسە لێرە ئادەمە سەلامی لەسەر بێ"[٤٧].

(وعن أبي هُريرةَ رضِي اللهُ عنه، أنَّ النبيَّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ قال: استوصُوا بالنِّساءِ" فإنَّ المرأةَ خُلقتْ من ضِلَعٍ، وإنَّ أعوجَ شيءٍ في الضِّلَعِ أعلاه، فإنْ ذهبتَ تقيمُه كَسَرْتَه، وإنْ تركتَه لم يزلْ أعوجَ)[٤٨]، واتە: لە ئەبو هورەیرەوە گێردراوەتەوە ڕەزای خوای لێ بێ كەوا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: "وەسیەتتان ئەكەم لەبارەی ئافرەتانەوە كەوا مافیان پێ بدەنێ و لەگەڵیان چاك بن، چونكە ئافرەت لە پەراسوویەكی لاربووەوە دروستكراوە، بێگومان لارترین پەراسوو لە سینگی مرۆڤدا سەرەوەیەتی (پێكی چوواندووە بە زمانی ئافرەت كە ئەویش لەسەرەوە)، جا ئەگەر بتەوێ ئەو پەراسووە لاربووەوە ڕاست بكەیتەوە ئەوە ئەیشكێنی، چونكە پەراسوو تەقەببولی ئەوە ناكات، جا ئەگەر بێت و واز لەو

---

[٤٦] سورة النساء: ١

[٤٧] (تفسير الرازي)(ب٩/ل٤٧٧)

[٤٨] بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٣٣٣١). وە موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ١٤٦٨). ڕیوایەتیان كردووة.

پەراسووە لارە بهێنی ئەوە هەر وەکی خۆی بەلاری ئەمێنێتەوە (لە ڕیوایەتی موسلیمدا ئەو شکانەی پەراسووی پێکچوواندووە بە تەڵاق، ئافرەت کە تەڵاقدرا ئیتر ئەشکێ و ئەڕوا).

ئیمامی نەوەوی ئەفەرمووێ: "ئەمە بەڵگەیە لەوەی کە شەرعزانەکان ئەیلێن یان هەندێکیان کەوا حەووا لە پەراسووی ئادەم دروستکراوە"[49].

شێخولئیسلام ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێ: "حەووا لە پەراسووی چەپە دروستکراوە، وە گوتراویشە لە پەراسووە کورتەکەی"[50].

ئیبن و کەثیریش ئەفەرمووێ: "خوای گەورە حەووای دروستکردووە لە پەراسووە کورترینەکەی لای چەپی، جا ئەگەر بێت و ئەگەر هەموو ئادەمیزادەکانی بکردبایە نێرینە، وە مێینەکانیشی لە ڕەگەزێکی تر دروستکردبایە لە غەیری مرۆڤـ چ لە جن بایە یان ئاژەڵ ئەم خۆشەویستی و دڵ بۆ یەك بوونە لە نێوانیان و لە نێوان هاوسەراندا نەئەبوو، بەڵکوو ئەبووە مایەی لێك دوور کەوتنەوە لە نێوان هاوسەرەکاندا ئەگەر لە غەیری ڕەگەزی یەکتر بانە، جا لە تەواوی ڕەحمەتی خودایە کەوا هاوسەرانی لە هەمان ڕەگەزی خۆیاندا دروستکردووە"[51].

شێخ عوسەیمینیش لەسەر ئایەتەکان ئەفەرمووێ: "ئەمە ڕەددێکە لەسەر فیکرەی مولحید کە پێی وایە ناس واتە: مرۆڤـ پەرەی سەندووەو تەتەوڕی کردووە

---

[49] (شرح النووي على مسلم)(ب١٠/ل٥٧).

[50] (فتح الباري)(ب٦/ل٣٦٨).

[51] (تفسير إبن كثير)(ب٦/ل٣٠٩).

له مه‌یموونه‌كانه‌وه بۆ به‌شه‌ریه‌ت، ئه‌و نه‌فسه ئاده‌مه‌، ئه‌وه‌یه كه ئێمه له نه‌وه‌ی ئه‌وین"[٥٢].

سوپاس بۆ خوا ئیبن و كه‌ثیر له‌سه‌رده‌می خۆی ئه‌و ته‌فسیره حه‌قه‌ی كردووه وه‌كوو باقی موفه‌سسیره‌كان تاوه‌كوو داریۆنیزمێكی ئه‌م سه‌رده‌مه نه‌توانێ ڕۆڵه‌كانی ئه‌م ئیسلامه هه‌ڵگه‌ڕێنێته‌وه له دینه‌كه‌ی خۆیان و گومڕایان بكه‌ن به‌ناوی ئه‌وه‌ی ئاده‌م به‌شه‌ره به‌خۆی و خێزانی له ئینسانی پێشه خۆی بووه كه شێوه‌یان له مه‌یموون نزیكبووه له‌سه‌ر ده‌ست و پێكانیان ڕۆیشتوون، ئه‌مه‌ش ئه‌و په‌ڕی گومڕاییه‌، ته‌بعی ئاژه‌ڵ چۆن ده‌بێته ته‌بعی مرۆڤ! وه چۆن په‌ره‌ده‌سێنێ و خاڵی وه‌سیت چیه له نێوانیان؟ بێگومان نیه‌و هه‌تا ڕۆژی دوایش به‌شوێنیدا بگه‌ڕێن نیه‌. ئه‌و خاڵه بزره كه چۆن مرۆڤ له مه‌یموونه‌وه نه‌قڵ بوو و گه‌شه‌ی سه‌ند، ڕۆژێ دێ مرۆڤایه‌تی به‌ته‌واوه‌تی پشت له‌و نه‌زه‌ڕیه‌ی داریۆنیزم ئه‌كات إن شاء الله.

گه‌وره‌ترین زینده‌وه‌رناسی موسڵمان كه جاحزه ئه‌فه‌رمووێ: "ئه‌و جیاوازیه‌ی كه له نێوان ئینسان و ئاژه‌ڵ، وه ئینسان و دڕنده‌و حه‌شه‌ڕات، وه ئه‌وه‌یشی كه وای له ئینسان كردووه شایه‌نی وته‌ی خوای گه‌وره بێ ﴿هه‌رچی له ئاسمانه‌كان و زه‌ویدا هه‌یه خوا هه‌مووی بۆ ڕام كردوون، ئه‌مه هه‌مووی له‌وه‌وه‌یه﴾[٥٣]، ئه‌وه شێوه نیه‌، وه ئه‌وه‌ش نیه كه له دڵۆپێك دروستكراوه‌و باوكیشی له خاك دروستكراوه‌، وه ئه‌وه‌ش نیه كه له‌سه‌ر دوو پێكانی ئه‌ڕوات و پێداویستیه‌كانی خۆی به ده‌سته‌كانی

---

[٥٢] (تفسير إبن عثيمين)(ب١/ل١٧) سورة النساء.

[٥٣] سورة الجاثية: ١٣

جێ بەجێ ئەکات، چونکە ئەم سیفەتانە هەمووی کۆکراوەتەوە لە گێل و شێت و منداڵ و ناتەواوەکانیش، بەڵکوو ئەوەی جیاوازی کردووە لەوان توانایەتی و تەمکینە، جا لە وجودی توانایەتیدا وجودی عەقڵ و مەعریفەت هەیە...، جاحز دوای ئەوە باسی گەورەیەتی جن ئەکات بەسەر ئاژەڵان تا دوایی دیسان دێتەوە سەر مرۆڤ"[٥٤].

وە هەروەها لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێ: **نحن ناسٌ نؤمن بأَنَّ عيسى عليه السلام خُلِق من غير ذكرٍ وإنَّما خُلِق من أُنثى وأنَّ آدَمَ وَحَوَّاءَ خُلقا من غير ذكرٍ وأنثى)**[٥٥] واتە: ئێمە کەسانێکین بڕوامان بە عیسا هەیە سەلامی لەسەر بێ کەوا بەبێ نێرینەك کە باوکە دروستکراوە، وە بێگومان لە مێیەك دروستکراوە کە مەریەمەیە، وە ئادەم و حەوواش بەبێ نێرو مێ کە دایك و باوکە دروستکراون.

وە هەروەها سەبارەت جۆرەکانی گیانداران لە ڕووی جوڵەیانەوە بەئینسانیشەوە ئەفەرمووێ: "خەڵکانێك وای بۆچوونە کەوا هەموو گیانداران لەسەر چوار جۆرن: هەندێکیان ئەفڕن، وە هەندێکی تریان ئەڕۆن (بە پێوە)، وە هەندێکی تریان مەلە ئەکەن، وە هەندێکی تریان خشۆکن. خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَٱللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَآبَّةٍ مِّن مَّآءٍ ۖ فَمِنۡهُم مَّن يَمۡشِي عَلَىٰ بَطۡنِهِۦ وَمِنۡهُم

---

[٥٤] (كتاب الحيوان للجاحظ)(ب٥/ل٥٤٢) ط. مكتبة مصطفي البابي الحلبي وأولاده.

[٥٥] (كتاب الحيوان للجاحظ)(ب٢/ل٣٠١) ط. دار الكتب العلمية. ياخود (كتاب الحيوان للجاحظ)(ب٤/ل٣٠١) مسألة الهدهد - المكتبة الشاملة الحديثة.

﴿مَّن يَمۡشِي عَلَىٰ رِجۡلَيۡنِ وَمِنۡهُم مَّن يَمۡشِي عَلَىٰٓ أَرۡبَعٖۚ يَخۡلُقُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ ۝٤٥﴾[٥٦]، واتە: خوا هەموو گیانلبەرێکی بەسەر ئەرزا ڕۆیشتووی لە ئاو دروست کردووە کە ئاوی تۆمەو یا ئاوێکی تری تایبەتییە کە ئەو گیانلەبەرەی لێ دروست ئەبێ، جا هی وایان هەیە لەسەر سك ئەخشێن و، هی واشیان هەیە لەسەر چوار پێ ئەڕۆن و، هی وایان هەیە لەسەر چوار پێ ئەڕۆن. خوا هەرچی خواستی لەسەر بێ دروستی ئەکا[٥٧].

جا وتەکە دانراوە لەسەر چوار جۆرە ڕەگەزی گیانداران، وە لەسەر چینەکانی وێنەی بوونەوەران، پاشان وتەکەی خۆی کورت کردووەتەوە لەو شتەی کە وتەکەی لەسەر دانراوە، جا باسی ئەوەی نەکردووە هەندێك هەن ئەفڕن و مەلە ئەکەن، پاشان هەندێکی تر هەن کە خشۆکن، وەکوو مارەکان و کرمەکان، ئەو تەنیا لە ڕۆیشتن کورتی کردووەتەوە، جا ڕۆیشتنیش نابێ ئیللا بەهۆی پێکانەوە نەبێ، هەروەکوو چۆن گازگرتن نابێ ئیللا بەهۆی دەمەوە نەبێ، جووتەو لەقەی وڵاغیش نابێ ئیللا بەهۆی پاقووڵاغەوە نەبێ[٥٨]، وە باسکردنی ئەوانەش لەسەر چوار پێ، جا لێرەدا ئاژەڵ و گیاندار زۆرن کە لەسەر هەشت پێ ئەڕوا، وە لەسەر شەش، وە زیاتر لە هەشتیش، وە ئەوەیش بە شوێن پێکانی قرژاڵ و سیسرکەو جۆرەکانی عەنکەبووتدا بگەڕێ ئەمە ئەزانێ. جا ئێمەش گوتمان (واتە: جاحز ئەڵێ): ئێوە هەڵەتان کرد لە هەموو ئەو تەئویلەو سنوردارکردنی. وە بەڵگە چیە لەسەر ئەوەی

---

[٥٦] سورة النور: ٤٥

[٥٧] تەفسیری نامی

[٥٨] پاقووڵاغ: شتێکی ڕەش و ڕەقە بەژێر چوارپەلی ئاژەڵ و وڵاخی بەرزەوەیە وەکوو نینۆکی مرۆڤ.

کەوا وتەکەی داناوە لە چینی پێیەکان؟ وە بە چ بەڵگەیەك پێداگریتان لەوەدا کرد؟ لە کاتێکدا خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ ۝٢٤﴾[٥٩].

واتە: ئاگری دۆزەخ سوتەمەنیەکەی بەردو خەڵکە. جا خوای گەورە باسکردنی شەیتانەکانی واز لێهێناوە کەوا ئاگر بخۆریتیان، وە سزادانیشییان بە ئە ئاگر سەختره، بۆیە وازی لێهێناوە باسی بکات بەبێ ئەوەی لە بیری چووبێ، جا لەسەر ئەوە لە کاتی موخاتەبەکرندا ئەزانرێ، هەروەك خوای گەورە لەو ئایەتەش فەرموویەتی: ﴿وَٱللَّهُ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَٰجًا ۝١١﴾[٦٠].

واتە: خوای گەورە بنەچەی ئێوەی لە خاك دروستکردووە پاشان لە دڵۆپێك ئاو پاشان ئێوەی کردە هاوجووت و نێرو مێ. جا لەو گشتیەدا عیسای لێ دەرهات (کە خوای گەورە باسی لێوە نەکردووە) وە مەبەستی لە دەرچەی ئەو وتەیە بۆ تێکڕای نەوەکانی ئادەمە (واتە: سیاقی ئایەتەکە بەشی یەکەمی ئادەمە کە لە خاکە، حەوواش لە ئادەم دروستکرا، دووەمیش نەوەکانیەتی، لەبەرئەوەی گەورەمان عیسای باس نەکردووە چونکە بەبێ باوك مەریەمە حەملی بوو).

وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿هَلْ أَتَىٰ عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْـًٔا مَّذْكُورًا ۝١﴾[٦١]. واتە: بەڕاستی ماوەیێ لە ڕۆژگار بەسەر ئادەمیزادا هاتووە لەو ماوەیەدا شتێکی ناوبراو نەبووە، واتە: ئادەمیزاد ناوی نەبراوە. جا لێرەدا ئادەم و حەوواشی تێکراوە. پاش ئەو ئایەتە خوای گەورە

---

[٥٩] سورة البقرة: ٢٤

[٦٠] سورة فاطر: ١١

[٦١] سورة الإنسان: ١

ئەفەرمووێ: ﴿إِنَّا خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن نُّطۡفَةٍ أَمۡشَاجٖ نَّبۡتَلِيهِ ۝٢﴾[٦٢]. واتە: ئێمە ئینسانمان لە دلۆپێك تۆ دروستكردووە كە تێكەڵە لە ئاوی پیاو و ژن، ئینجا كە بالغ بوو تاقی ئەكەینەوە. جا لێرەدا ئادەم و حەوواو عیسای كوڕی مەریەمی دەرهێناوە (واتە: هەر سێكیان شموولی ئەو یاسایە ناكەن كە لە ڕێی دلۆپە ئاو هاتووبێتنە ژیان). بۆیە جوانی ئەوە لەوەدایە كە وتەكە دانەنراوە لەسەر هەموو ئەوانەی كە نەفسەكان ئەیناسن لە ڕوانگەی پوختەی لەفزەوە، جا وتەی ﴿فَمِنۡهُم مَّن يَمۡشِي عَلَىٰ بَطۡنِهِۦ وَمِنۡهُم مَّن يَمۡشِي عَلَىٰ رِجۡلَيۡنِ وَمِنۡهُم مَّن يَمۡشِي عَلَىٰٓ أَرۡبَعٖ﴾ ئەویش لەسەر ئەو شێوازەیە كە باسمان لێوە كرد، وە لەسەر ئەوە هەموو شتێ كە لەسەر چوار پەلان ئەڕوا ئەوە لەو شتەشە كە لەسەر دوو پەلان ئەڕوا، وە ئەوەیشی لەسەر هەشتان ئەڕوا ئەوە لەو شتەشە كە لەسەر چواران و دوان ئەڕوا، وە ئەگەر گوتیشت: ١٠ هەزار درهەمم لای فلانە كەسە، ئەوە هەواڵی ئەوەتداوە كەوا لە درهەمێكەوە بگرە تا ئەگاتە ١٠ هەزارت لایەتی"[٦٣].

ئەو وتانەی جاحز هەموو ئەو چەواشەكاریانەی كە تەتەوریەكان بانگەشەی بۆ ئەكەن بەناوی جاحز، كە دەمیان پێ چەور ئەكەن گوایە بەر لە داروین باسی تەتەوری كردووە جگە لە درۆو دەلەسەیەك زیاتر هیچی تر نیە. وە هەتا باسی عیقابی خودای كردووە كەوا خوای گەورە شێوەی كەسانێكی كردووەتە مەیموون[٦٤]،

---

[٦٢] سورة الإنسان: ٢

[٦٣] (كتاب الحيوان للجاحظ)(ب٤/ل٣٩٢/ژ١١٤٩) أقسام الحيوان من حيث تحركه - المكتبة الشاملة الحديثة. تێبینی: وتەكانی ناو ئەو دوو كەوانەنانە () ڕوونكردنەوەی خۆمە.

[٦٤] (كتاب الحيوان للجاحظ)(ب٤/ل٣١٢/ژ١٠١٧) شنعة المسخ على صورة الخنزير والقرد.

ئەمە بڕوای جاحزی موعتەزیلی بوو لەسەر دروستبوونی ئادەم و حەوواو حەزرەتی عیساو نەوەکانی ئادەم کە وەکوو باقی وتەکانی موفەسسیران و زاناکانی پێشین و پاشینی ئەو ئوممەتەیە بوو. بۆیە ئەو زیندەوەرزانە مەزنەش تەتەوڕیەکانی بێ هیوا کرد.

ئیمامی کمال الدینی دیمیەری زیندەوەرزانیش لە کتێبی (حیاة الحیوان الکبری) لە شێخی خۆیەوە شێخولئیسلام تقی الدینی سوبوکی (ڕحمەتی خوای لێ بێ) نەقڵی کردووە کە پرسیاریان لێ کردووە دەربارەی ئەسپ ئایا پێش ئادەم دروستکراوە یان دوای ئەو؟ ئەویش فەرموویەتی: "زەوی و ئەوەیشی کە تێدایە هەمووی دروستکراوە بۆ ئادەم و نەوەکانی وەکوو ڕێز لێنانێك لەبۆیان، وە لە کەماڵی ڕێزیشیان ئەوەیە وجودیان هەبووە بەر لە ئادەم و نەوەکانی، جا هەموو ئەوانە پێشکەوتوونە بەسەر دروستکردنی ئەو، پاشان ئادەم دروستکرا کە کۆتا بوونەوەر بوو، لەبەرئەوەی خۆیی و نەوەکانی بە ڕێزدارترین بوونەوەرن، ئایا نابینی کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە هەموویان بە ڕێزدرترە لە هەمووان، هەر لەبەرئەوەش دواینە چونکە بەهۆی ئەوەوە صلی الله علیه وسلم کەماڵی وجود تەواوبوو، بۆیە جگە لە ئادەم لەوەی کە بۆی ئامادەکراوە ئاژەڵان و بێ گیانن، وە ئاژەڵانیش ڕێزدارترن لە بێ گیانەکان، وە ئەسپیش ڕێزدارترینی ئاژەڵەکانە، جگە لە ئادەمیزادەکان نەبێ، ئیتر چۆن دروستکردنی ئەسپ دوا ئەخرێت لە ئادەم (واتە: دروست بکرێت دوای ئادەم) ئەمەش حیکمەتێکە

داخوازی پێشخستنی دروستکردنی ئەسپ ئەکات لەگەڵ غەیری خۆیشی لەبەر سوودو مەنفەع"[٦٥].

وە سەبارەت بەناوی ئینسانیش لە فەرموودەدا، لەوانە:

(روی البخاري عن أنس رضي الله عنه عن النبي صلى الله علية وسلم قال: يجتمع المؤمنون يوم القيامة فيقولون: لو استشفعنا إلي ربنا فيأتون آدم فيقولون: انت أبو الناس خلقك الله بيده وأسجد لك ملائكته، وعلمك أسماء كل شيء...)[٦٦]. واتە: بوخاری لە ئەنەسەوە گێڕاویەتیەوە ڕەزای خوای لێ بێ، ئەویش لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم كە فەرموویەتی: (لە ڕۆژی دوایی ئیمانداران کۆئەبنەوەو ئەڵێن: گەر بێت و شەفاعەتمان کردبایە لای پەروەردگارمان، لەوەوە دێنەوە لای ئادەم و پێی ئەڵێن: تۆ باوکی ناسی واتە: باوکی مرۆڤایەتی و خەڵکی، خوای گەورە تۆی دروستکرو فریشتەکانی سوجدەیان بۆت برد، وە هەموو ناوەکانیشی فێرکردی...) .

وە لە ڕیوایەتی موسلیمیشدا بەو جۆرە هاتووە: (فيقولون: أنت آدم أبو الخلق). واتە لەو کاتە بە ئادەم ئەڵێن: تۆ باوکی خەڵکی واتە: ئادەمیزادەکان و مرۆڤەکان.

(عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال النبي صلى الله علية وسلم: أنا سيد الناس يوم القيامة.....، فيقول بعض الناس لبعض: إيتوا آدم عليه السلام،

---

[٦٥] (حياة حيوان الكبرى)(ب١/ل٤٣٧). المكتبة الشاملة الحديثة. وە (فتاوي السبكي)(ب٢/ل٥٥١). مسألة الخيل هل كانت قبل آدم

[٦٦] بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ٣٣٤٠/٤٧١٢). وە موسليم لە (صحيح المسلم)(ژ١٩٣).

فيأتون آدم، فيقولون: يا آدم أنت أبو البشر خلقك الله...)[٦٧]. وە ئەم ڕیوایەتەش هەر بوخاری و مسلیم ڕیوایەتیان کردووە بەس لە ئەبو هورەیرەوە لێرە لە بری وشەی الناس البشر بەکارهاتووە: لە ئەبو هورەیرەوە گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: لە ڕۆژی دواییدا من گەورەی هەموو ناسم واتە: خەڵك و ئادەمیزادو مرۆڤایەتی هەمووی هەر یەك واتایە، جا ئەزانن ئەم گەورایەتیە بەهۆی چیەوەیە؟ خوای گەورە هەموو ئادەمیزادە یەکەمیەنەکان و دواییەکان کۆئەکاتەوە لە یەك خاك و ساراو دەشتدا. جا هەندێ لە خەڵکی بە هەندێکیان ئەڵێن: بڕنە لای ئادەم سەلامی لەسەر بێ، لەوەوە ئەوانیش دێن و ئەڵێن: ئەی ئادەم تۆ باوکی بەشەری واتە: (خەڵك و مرۆڤ و ئادەمیزاد هیچ جیاوازی نیە)، خوای گەورە تۆی دروستکردووە.

وە هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: (**عن عبد الله** ﴿أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ يَبۡتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلۡوَسِيلَةَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ وَيَرۡجُونَ رَحۡمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ ۝٥٧﴾ سورة الإسراء. قال: كان ناس من الإنس يعبدون ناسا من الجن فأسلم الجن وتمسك هؤلاء بدينهم)[٦٨]. واتە: لە عبد الله گێڕدراوەتەوە کەوا ئەو ئایەتەی خوێندەوە: ئەوانەی ئەو کافرانە بانگیان لێ ئەکەن تا بە هاواریانەوە بێن و فریایان بکەون، کامیان بە خوداپەرستی و لە خودا ترسان لێیەوە نزیکترن،

---

[٦٧] بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٤٤٧٦). وە موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ١٩٤). وە ترمذی لە (سنن)(ژ٣١٤٨). لە ئەبی سەعیدی خودریەوە. وە ئیبن و ماجە لە (سنن)(ژ٤٣٠٨). وە ئەحمەد لە (مسند)(ب٣/ژ٢).

[٦٨] بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٤٧١٤). وە موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٣٠٣٠).

بۆخۆیان لە هۆیەك دەگەڕێن پێی نزیك بینەوە لێی و، بۆخۆیان لە هۆیەك ئەگەڕێن پێی نزیك بینەوە لێی و، بە تەمای میهرەبانینی و لە سزای ئەترسن، ئیتر چۆن هاوار ئەكەنە ئەوانە؟! كەسانێك لە مرۆڤەكان كەسانێكیان لە جنەكان ئەپەرست، جا جنەكان موسڵمان بوون و ئەوانەش دەستیان بە دینەكەی خۆیانەوە گرت.

وە هەروەها لەبەر موناسەبەی ئەو فەرموودەیە خوای گەورەش ئەفەرمووێ: ﴿وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن تَقُولَ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ۝٥ وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ ٱلْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ ٱلْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا ۝٦﴾[٦٩]. واتە: جنەكان ئەیان گوت: ئێمە گومانمان وابوو نە ئادەمیزادو نە جنۆكە درۆ بەدەم خوداوە هەڵنابەستن، كەچی دەركەوت وانیەو زۆر ئادەمیزادو جن درۆ بەدەم خوداوە ئەكەن، وە ئەشیان گوت: چەند پیاوێكی لە ئینس واتە: ئادەمیزادەكان پەنایان ئەگرت بە بە چەند پیاوێ لە سەركردەكانی جنەكان كە لە شەڕو ئافەتی جنەكانی ژێردەستیان بپارێزن، كەچی ئەم ئادەمیزادانە بەم پەناگرتنەیان بە جنەكان ئەو جنانەیان زیاتر گومڕا كرد كە بەڕاستی خۆیان بە شتێكی وا بزانن شایانی پەنا پێ گرتن بن. لێرەش وەكوو باقی ئایەت و فەرموودەكانە.

وە هەروەها هەر سەبارەت بە جیاوازی نەبوونی ناوی ئینسان و بەشەری هەندێ فەرموودەی تر ئەهێنینەوە لەوانە: (عن أبي ذر رضي الله عنه قال: قال لي رسول الله صلى الله علية وسلم: إتق الله حيث ما كنت، واتبع السيئة الحسنة،

---

[٦٩] سورة الجن: ٥ـ ٦

وخالق الناس بخلق حسن)[٧٠]. له ئەبو زەڕڕی غیفاریەوە گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم پێی گوتم: تەقوای خودا بکەو له خودا بترسه له هەر جێگایەك بووی، وە هەر تاوانێکیشت کرد چاکەیەك له دوایەوە بکە، وە لەگەڵ ناسیشدا واتە مرۆڤەکان و خەڵکی و ئادەمیزادەکاندا بە خوڕەوشتێکی جوان ڕەفتار بکە.

وە هەروەها (عن حذيفة بن اليمان رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله علية وسلم: لا تقوم الساعة حتى يكون أسعد الناس بالدنيا لكع ابن لكع)[٧١]. له حوزەیفەی کوڕی یەمانەوە گێڕدراوەتەوە ڕەزای خوای لێ بێ کەوا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: قیامەت هەڵناسێ هەتاوەکوو هیچی کوڕی هیچ ئەبێتە خۆشبەختترین نای له دونیا (واتە: خۆشبەخترین کەس خۆشبەخترین مرۆڤ خۆشبەخترین ئادەمیزاد له نێو خەڵکیدا.

لەگەڵ گشت ئایەتەکانی سەرەوەش چەندەها فەرموودەش هەیە لەسەر دروست بوونی ئادەم، ئێمە ئیکتیفا بە یەك فەرموودە ئەکەین: (عن أبي موسى الأشعري رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله علية وسلم: (إن الله تعالى خلق آدم من قبضة قبضها من جميع الأرض، فجاء بنو آدم على قدر الأرض، فجاء منهم

---

[٧٠] ترمذی له (سنن الترمذي)(ژ١٩٨٧). وە ئەحمەد له (مسند)(ب٥/١٥٣ـ ١٥٨ـ ١٧٧). وە داڕەمی له (سنن)(ژ٢٧٩٤). ترمذی ئەفەرمووێ: "فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە".

[٧١] ترمذی له (سنن الترمذي)(ژ٢٢٠٩). وە ئەحمەد له (مسند)(ب٥/٣٨٩). ترمذی ئەفەرمووێ: "فەرموودەیەکی حەسەنە".

الأحمر والأبيض والأسود وبين ذلك، والسهل والحزن والخبيث والطيب)[٧٢]، واته: له ئهبو موسای ئهشعهریهوه گێڕدراوهتهوه ڕهزای خوای لێ بێ کهوا پێغهمبهری خوا صلی الله علیه وسلم فهرمووی: خوای گهوره له ههموو خاکی زهوی خۆڵی کۆکردهوه، لهوهوه ئادهمیزادهکانیش به گوێرهی ئهو خاکهن، ههیانه سوورهو سپیهو ڕهشهو لهو نێوانهشه، وه سههلی و غهمبارو پیس و پاکیشیان به گوێرهی ئهو خاکهیه.

(روی الترمذي عَنْ ابْنِ عُمَرَ: " أَنّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خَطَبَ النّاسَ يَوْمَ فَتْحِ مَكَّةَ فَقَالَ:....، وَالنّاسُ بَنُو آدَمَ وَخَلَقَ اللَّهُ آدَمَ مِنْ تُرَابٍ، قَالَ اللَّهُ: (يَا أَيُّهَا النّاسُ إِنّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنّ

---

[٧٢] ترمذی له (سنن الترمذي)(ژ٢٩٥٥). وه ئهبو داود له (سنن أبی داود)(ژ٤٦٩٣). وه ئهحمهد له (مسند)(ب٤/ژ٤٠٠ـ ٤٠٦). وه ئیبن و حیببان له (صحیح إبن حبان)(ژ٦١٦٠). وه حاکم له (مستدرك)(ب٢/ژ٢٦١). ترمذی ئهفهرمووێ: "فهرموودهیهکی حهسهن و صهحیحه". شهڕحی ئهو فهرموودهی سهرهوه بهو فهرموودهیه ئهکرێ تاوهکوو خوای گهوره نهشوبهێندرێ به جهستهو لاشه ههروهك حاکم له ئهبو موسای ئهشعهریهوه ڕیوایهتی کردووه کهوا پێغهمبهری خوا صلی الله علیه وسلم فهرمووی: (خلق الله آدم من أديم الأرض كلها، فخرجت ذريته على حسب ذلك، منهم الأبيض والأسود والأسمر والأحمر، ومنهم بين ذلك، ومنهم السهل والخبيث والطيب) بڕوانه: (مستدرك حاكم مع تلخيص الذهبِي)(ب٢/ل٢٦١). حاکم ئهفهرمووێ: "ئهم فهرموودهیه سهنهدی صهحیحه". وه زههەبیش موافیقه لهسهر صیححهتی فهرموودهکه. جا لهو فهرمووده وشهی مشت و قهبزه نههاتووه. ئاگاداربن! دینی ئیسلام دینێکی گشتگیره ناکرێ تۆ فهرموودهیهك بێنێ بهتهنیا تهفسیری بکهی کهچی لهبهردهم ئهم فهرموودهیه فهرموودهی تر ههبێ و وازیان لێ بهێنی، چونکه بهمه ئهڵێین خۆ گێل کردن یان چهواشهکاری یان نهزانین یان پهی نهبردن به گشتگیریهتی دین.

أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)[٧٣]. واته: له ئیبن و عومەرەوە گێڕدراوەتەوە ڕەزای خوایان لێ بێ کەوا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم له فەتحی مەککە فەرمووی: ......، هەموو مرۆڤەکان یان هەموو ناسەکان یان هەموو بەشەرەکان یان ئادەمیزادەکان له نەوەی ئادەمن، خوای گەورەش ئادەمی له خاك دروستکردووە، ئینجا ئایەتەکەی خوێندەوە.

شێخمان حوججەتولئیسلام ئەبو حامید غەزالی (خودا نهێنی پیرۆز بکات) ئەویش ناوی ئینسان و بەشەری وەکوو یەك داناوە وەکوو باقی زاناکان هەروەك له ڕەددی ئەوانەی کە بە هەڵە قیاس لەسەر هەندێ ناو ئەکەن بۆئەوەی بابەتەکانیان پەردەپۆش بکەن ئەمەش بۆ سەرخستنی بیرۆچکە هەڵەکانیان هەروەك فەرموویەتی: (نابێ دەرەنجامەکە غەیری پێشەکیەکە بێ بەڵکوو هەمان شتە بەڵام بەکارهێنراوە بۆ پۆشین و لێگۆڕینی دوو لەفزی بەرامبەر بەیەك موتەڕادیف، وەکووو وتەی تۆ هەموو بەشەرێك ئینسانە جا وەك بڵێی گوتوتە: هەموو ئینسانێك ئینسانە، چونکە هەردووکیان بەرامبەر یەکن، جا وتەکەی تۆ وای لێ دێ هەموو ئینسانێك تەکلیف لێکراوە کە ئەمەش هەمان پێشەکی وتەی تۆیە هەموو بەشەرێك تەکلیف لێکراوە کە دەرەنجامەکەیە"[٧٤].

---

[٧٣] ترمذی له (سنن الترمذي)(ژ٣٢٧٠/٣٩٥٥) له ئیبن و عومەرو ئەبو هورەیرەو ئیبن و عباسەوە ڕیوایەتی کردووە، جا له ڕیوایەتی ئیبن و عومەر ئەفەرمووێ: "فەرموودەیەکی غەریبە". وە له ڕیوایەتی ئەبو هورەیرەش ئەفەرمووێ: "فەرموودەیەکی حەسەنە". وە ئەبو داود له (سنن أبی داود)(ژ٥١١٦). وە ئیبن و خوزەیمە له (صحیح إبن خزیمة)(ژ٢٧٨١). ڕیوایەتیان کردووە.

[٧٤] (محك النظر)(ل٢٤٩).

خۆشەویستان هیچ بەڵگەیەك لە قورئان و سوننەت نەهاتوە کە بەڵگە بێ لەسەر ئەوەی کە گەلێك هەبووبن لەسەر زەوی پێش ئادەم جگە لە جنەکان نەبێ. وە ئەوەیشی هاتبێ وتەی هەندێ لە موفەسسیرەکانە لە هاوەڵ و تابیعیەکان.

وتەی یەکەم: زەوی جن تێیدا نیشتەجێ بووە، بوونەوەرانێکن کە خوای گەورە لە ئاگر دروستی کردوون، ئەم قەولەش ڕیوایەتکراوە لە زۆرترینی موفەسسیرەکان. تەبەڕی لە تەفسیرەکەی خۆی لە ئیبن و عەباسەوە ڕەزای خوایان لێ بێ گێڕاویەتیەوە کە فەرموویەتی: (أول من سكن الأرض الجن، فأفسدوا فيها، وسفكوا فيها الدماء، وقتل بعضهم بعضا)[٧٥]، واتە: یەکەم بوونەوەرێك کە لەسەر زەوی نیشتەجێ بوون جن بوو، خراپەکاریان تێدا کردو خوێنیان تێدا ڕشت، وە هەندێکیان هەندێکیانیان کوشتن.

وە بەسەنەدی خۆیشی لە ڕەبیعی کوڕی ئەنەسەوە گێڕاویەتیەوە کەوا فەرموویەتی: (إن الله خلق الملائكة يوم الأربعاء، وخلق الجن يوم الخميس، وخلق آدم يوم الجمعة، فكفر قوم من الجن، فكانت الملائكة تهبط إليهم في الأرض فتقاتلهم، فكانت الدماء، وكان الفساد في الأرض). واتە: بێگومان خوای گەورە فریشتەکانی لە ڕۆژی چوارشەممە دروستکرد، وە جنیشی لە پێنج شەممە دروستکرد، جا قەومێك لە جنەکان کوفری کرد، لەوکاتەدا فریشتەکان دابەزینە سەریان لەسەر زەوی بۆئەوەی جەنگیان لەگەڵ بکەن، ئەوەبوو خوێن ڕژاو خراپی بڵاو بووەوە لەسەر زەوی.

---

[٧٥] (تفسير الطبري)(ب١/ل٢٣٢).

دەرەنجامی وتەی یەکەم:

زۆرینەی زانا موفەسسیرەکان لەسەر ئەو بۆچوونەن کە جن پێش ئادەم وجودی هەبووەو بەر لە ئادەم وجودی تر نەبووە جگە لە جنەکان نەبێ (باسی گیانداران ناکەین واتە: ئاژەڵان ئەمانەش بێگومان وجودیان هەبووە، ئەمانە لە بازنە تەکلیف نین بەڵکوو ئەوەی جێگای تەکلیفە جن و مرۆڤە).

وتەی دووەم:

لە پێش ئادەمدا سەلامی لەسەر بێ نەجن هەبووە، وە نە غەیری جنیش هەبووە، ئەم قەولەش تەبەڕی گێڕاویەتیەوە لە تەفسیرەکەی خۆی لە عبد الرحمانی کوڕی زەید کە فەرموویەتی: (لما خلق الله النار ذعرت منها الملائكة ذعرا شديدا، وقالوا ربنا لما خلقت هذه النار؟ ولإي شيء خلقتها؟ قال لمن عصاني من خلقي، قال: ولم يكن لله خلق يومئذ الا الملائكة، والأرض ليس فيها خلق، إنما خلق آدم بعد ذلك، وقرأ قول الله: (هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ لَمۡ يَكُن شَيۡـٔٗا مَّذۡكُورًا ۝١)[76] سوره الإنسان:١. واتە: خوای گەورە لەو کاتەی کە ئاگری دروستکرد بۆ فریشتەکانی باس کرد کەوا ئەمەوێ دروستکراوێك دروست بکەم لەسەر زەوی، وە لەو کاتەدا فریشتەکان زۆر ترسان و گوتیان: ئەمەت بۆچی دروستکردووە؟ وە بۆ چ شتێکت دروستکردووە؟ خوای گەورەش فەرمووی: بۆ ئەو کەسەی کە سەرپێچیم ئەکات لە دروستکراوانم، جا ئیبن و زەید فەرمووی: لەو ڕۆژەدا جگە لە فریشتەکان هیچ دروستکراوێکی تر نەبووە، وە زەویش هیچ کەسێکی لەسەر

---

76 (تفسير الطبري)(ب١/ل٢٣٢).

نەبووە (واتە: لە مرۆڤ و جن)، ئینجا ئادەم لە دوای ئەو وەزعە دروستکرا. وە وتەی خوای گەورەشی خوێندەوە (بێگومان ماوەیەك لە سەردەم و كات بەسەر مرۆڤدا تێپەڕیوە كە هیچ شتێك نەبووە تا باس بكرێ و وجودو بوونی نەبووە، ئادەم سەرەتا پێش ئەوەی دروست بكرێ بوونی نەبووە تا باس بكرێ، یاخود مەبەست پێی مرۆڤە پێش ئەوەی كە دروست بكرێ وجوودی نەبووە.

پوختەی ئەم وتەیەش

بە ڕووكەشی وا دەرئەكەوێ كەوا هەندێ لەو موفەسسیرانە بۆ ئەچوونە كەوا پێش ئادەم هیچ مەخلوقێكی تر بوونی نەبووە، بەڵام ئەگەر بە تەرتیبی زەمەن لێكبدرێتەوە ئەم ڕایەش هیچ ئیشكالێكی تێدا نیە دوای ئەوەی كە دۆزەخ دروستكرا، ئینجا جنیش دروستكرا، ئینجا دوای ئەوە ئادەم دروستكرا. وە پێشم وایە ئەگەر وا لێكبدرێتەوە صەحیح و تەواوە، ئەگەرنا ئەو بۆچوونەی دووەم بە زەعیف دادەنرێ چونكە بە پێی بەڵگەی قوڕئانی خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ۝٥٦﴾[77]، واتە: جنۆكەو ئادەمیزادم دروست نەكردووە ئیللا بۆ ئەوە نەبێ كە بم پەرستن. جا بە گوێرەی تەریبی ئایەت جنی پێش ئادەمیزاد دروستكردیە.

لە هەردوو بۆچوونەكان و ئەو هەموو ئایەت فەرمودانەی كە هێنامان لەو باسە گەیشتینە ئەوەی كەوا یەكدەنگی زاناكانی ئوممەت لەسەر ئەوەیە كەوا ئادەم یەكەم مەخلوقی خوایە لەسەر زەوی پێش ئەو جگە لە جن هیچ ئادەمیزادو

---

[77] سورة الذاريات: ٥٦

بەشەرو ئینسانێك وجودی نەبووە كە لە زمانی عەرەبیشدا لە هەموو تەفسیرەكان فەرهەنگە عەرەبیەكاندا ناوی بەشەرو ئنسانیان بەرامبەر یەكتری داناوە.

وە عەللامەی طاهیری كوڕی عاشورِ ئەفەرمووێ: "باسكردنی ئادەم و كردنی بە خەلیفایەتیەكەی بەخواست و ویستەكەی دوای باسكردتی دروستكردنی زەوی ئینجا ئاسمانەكان ئەوە بەڵگەیە كەوا كردنی خەلیفایەتی یەكەم ئەحواڵ بووە لەسەر زەوی دوای ئەوەی كە دروستكرا، چونكە خەلیفایەتی لێرەدا ئەوەیە كەوا كەسێ كەسێكی بكاتە جێ نیشین لە تەصەڕڕوفكردن لە ماڵو موڵكەكەی ئەوەی كە هەیەتی، وە ئەوە ناچار ناكات كە جێ نیشینكراو جێگیربێ لە شوێنێك لەمەوپێشدا، بۆیە خەلیفە ئادەمە، وە خەلیفایەتیەكەشی هەڵسانیەتی بەجێ بەجێ كردنی فەرمانەكانی خودا لە ئاوەدان كردنەوەی زەوی بە ئیلهام و وەحی، وەتەڵقیندانی ڕۆڵەكانیشی ئەوە خواستی خوای گەورەیە لەو جیهانەی زەویدا"[٧٨]، ئەمە قسەكەی ئەو موفەسسیرە مەزنەیە كە فەرمووی: (ئەوە ناچار ناكات كە جێ نیشینكراو جێگیربێ لە شوێنێك لەمەوپێشدا) واتە: مەرج نیە ئیللا لە پێشدا كەسانێك هەبووبن نەخێر ئەوە هەڵەیە.

ڕاغبی ئەصفەهابی ئەفەرمووێ: "خلف فلان فلانا، واتە: لەبری ئەو هەڵسا بەكارەكە، جا یان لەگەڵی یانیش لە دوای ئەو، خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَلَوۡ نَشَآءُ لَجَعَلۡنَا مِنكُم مَّلَٰٓئِكَةً فِي ٱلۡأَرۡضِ يَخۡلُفُونَ ۝٦٠﴾[٧٩]، واتە: ئەگەر مەیلمان لێ بوایە وەك عیسامان بێ باوك دروست كرد ئێوەیشمان تەفروتونا ئەكردو

---

[٧٨] (التحرير والتنوير)(ب١/ل٢٢٨).

[٧٩] سورة الزخرف: ٦٠

فریشتەمان لەجێی ئێوە دروست ئەکرد تا جێگەی ئێوە لەسەر زەوی بگرنەوە. خیلافەتیش واتە: جێنیشی جێگرەوەیە لە بری کەسێك جا یان لە بەر ئامادەنەبوونی ئەو بێ لە جێگرەکە یانیش لەبەر مردنەکەی بێ، یانیش لەبەر بێ دەسەڵاتیەکەی بێ، یانیش لەبەر ڕێزی جێگرەکەوە بێ، بۆیە لەسەر ئەم ڕووەی کۆتایی (واتە: لەبەر ڕێزی جێنیشین و جێگرەوەکە) ئەوە خوای گەورە ئەولیاکانی خۆی کردووەتە جێنیشین لەسەر زەوی، هەروەك ئەفەرمووێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمۡ خَلَٰٓئِفَ فِى ٱلۡأَرۡضِ ۚ ﴿٣٩﴾﴾[٨٠]، واتە: خوا ئەو خوایەیە کە ئێوەی کردووە بە جێنشینی خۆی لە تەصەڕڕوفکردن لە زەویدا. ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمۡ خَلَٰٓئِفَ ٱلۡأَرۡضِ ﴿١٦٥﴾﴾[٨١]، واتە: خودا ئەو خوایە کە ئێوەی کردووە بە جێنشینی خۆی لە زەویدا، یان هەندێکی کردووەتە جێنشینی هەندێکی ترو یەك لە دوای یەك دێن. ﴿وَيَسۡتَخۡلِفُ رَبِّى قَوۡمًا غَيۡرَكُمۡ وَلَا تَضُرُّونَهُۥ شَيۡـًٔا ﴿٥٧﴾﴾[٨٢]، خودا بەتوانایەو ئێوە لەناو ئەبات و قەومێکی تر لە شوێنتان دائەنێ و ئێوە بەم پشتهەڵکردنە ناتوانن هیچ زیانێك لە خودا بدەن.

خلائف: کۆی خەلیفەیە، وخلفاء: کۆی خلیف. خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلۡنَٰكَ خَلِيفَةً فِى ٱلۡأَرۡضِ ﴿٢٦﴾﴾[٨٣]، واتە: ئەی داود ئێمە وا تۆمان

---

[٨٠] سورة فاطر: ٣٩

[٨١] سورة الأنعام: ١٦٥

[٨٢] سورة هود: ٥٧

[٨٣] سورة ص: ٢٦

کرد به جێنشینی پێغەمبەرانی پێشوو لە زەویدا. ﴿وَجَعَلۡنَٰهُمۡ خَلَٰٓئِفَ ﴿٧٣﴾﴾[84]، واتە: ئەوانەمان کردن بە جێنشین لە زەویدا. ﴿جَعَلَكُمۡ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعۡدِ قَوۡمِ نُوحٖ ﴿٦٩﴾﴾[85]، واتە: خودا ئێوەی کردە جێگەداری قەومی نوح"[86].

وە ئوستاز ئیبن و فۆرك لە قەتادەوە وشەی (خلائف)ـی بەو جۆرە لێکداوەتەوە: ئوممەتێك دوای ئوممەتێك، وە سەدەیەك دوای سەدەیەك[87].

ئیبن و کەثیریش ئەفەرمووێ: "سوددی لە تەفسیرەکەی گێڕایتیەوە لە ئەبی مالیك و لە ئەبی صالّح و لە ئیبن و عباس و لە موڕڕەو لە ئیبن و مەسعودو لە کەسانێکیش لە هاوەڵان کەوا خوای گەورە بە فریشتەکانی فەرموو: ﴿وَإِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗۖ ﴿٣٠﴾﴾[88]، واتە: یادی ئەو کاتە بکە کا خوای گەورەت بە فریشتەکانی گوت: من دەمەوێ جێ نشینێ بۆ خۆم لەسەر زەوی دروست بکەم. ئەوانیش گوتیان: خودایە ئەو خەلیفایەتیە بۆ کێ ئەبێ؟ ئەویش فەرمووێ: بۆ ئادەم و نەوەکانیەتی کە فەسادی لەسەر ئەکەن و حەسوودی بەیەکتر ئەبەن و هەندێکیان هەندێکیان ئەکوژن.

---

[84] سورة يونس: ٧٣

[85] سورة الأعراف: ٦٩

[86] (المفردات في غريب القرآن)(ل٢٩٤) ط. دار القلم

[87] (تفسير إبن فورك)(ب٢/ل١٧٥) ط. جامعة أم القرى

[88] سورة البقرة: ٣٠

ئیبن و جەریریش ئەفەرمووێ: ئەم تەئویلی ئایەتە لەسەر ئەوە ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾ خەلیفەیەك لە منەوە کە ئەبێتە جێ نشینم لە حوکم و بڕیاردان لە نێوان دروستکراوانم (واتە: بەندەکانم). وە ئەو خەلیفەیەش ئادەم و ئەو کەسانەشن کە هەڵئەسن وەکوو ئەو لە گوێڕایەڵیێ کردنی خواو حوکم کردن بە عەدل و دادپەروەری لە نێوان بەندەکانی، وە سەبارەت بە فەسادی و خوێن ڕشتنیش بەبێ حەقی خۆی (واتە: حەقی شەرعی لەسەر واجب نەبووبێ بۆ نموونە کەسێکی کوشتبێ بەناحەق) جا ئەم جۆرەکەسانە جێ نشینی ئەو نین.

ئیبن و جەریر ئەفەرمووێ: "تەئویلی ئەو ئایەتە لەسەر ئەوە مانای خەلافەت بەوجۆرە دەبێ کە خوای گەورە باسی لێوە کردووە کە خەلیفایەتی سەدەیەك لەوان سەدەیەك. وە ئەفەرمووێ: وە خەلیفایەتی کرداری لە وتەی تۆ کە ئەڵێی: فلان کەس فلانی کردە جێگرەوەی خۆی لەو کارەدا، کاتێ کە هەڵئەستێ لەبری لەدوای ئەو، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿ثُمَّ جَعَلْنَٰكُمْ خَلَٰٓئِفَ فِي ٱلْأَرْضِ مِنۢ بَعْدِهِمْ لِنَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ ۝١٤﴾[89]، جا لەوەوە بە سوڵتانی مەزنیان گوت: خەلیفە، لەبەرئەوەی بووە جێگرەوەی ئەوەی پێشە خۆی، هەڵسا بەو کارە لە بری ئەو، ئیتر بووە جێگرەوەی ئەو. وە ئەفەرمووێ: محمدی کوڕی ئیسحاق لە تەفسیرەی ئەو وتەیەی خوای گەورە ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾ ئەیفەرموو: "سەرنشینێك وە ئاوەدانکەرەوەیەك کە تێیدا نیشتەجێ ئەبێ و ئاوەدانی ئەکاتەوە وەك جێگرەوەیەك بەڵام لە ئێوە نا. ئیبن و جەریر بەسەنەدی خۆی ئەبی ڕەوق، لە

[89] سورة يونس: ١٤

زەحاك، لە ئیبن و عباسەوە گێڕاویەتیەوە کەوا فەرموویەتی: "یەکەم کەسێك لە زەوی نیشتەجێ بوو جنۆکە بوو، ئیتر فەسادیان تێدا کردو خوێنیان تێدا ڕشت، وە هەندێکیان هەندێکیانیان کوشتن، ئەوەبوو خوای گەورە ئیبلیسی بۆلایان ناردو ئەوەیشی لەگەڵی بوو کوشتاری لەگەڵ کردن هەتاوەکوو ڕاوەدوویان کردو چوونە دورگەکان و لێواری چیاکان، پاشان ئادەمی دروست کردو ئەوی تێدا نیشتەجێ کرد، هەر لەبەر هەندێ فەرمووی: (دەمەوێ جێ نشینێ بۆ خۆم لەسەر زەوی دروست بکەم)[٩٠].

وە ئیمامی طیبیش ئەفەرمووێ: "دروستە مەبەستی جێ نشینێك لە منەوە بێ لەبەرئەوەی ئادەم خەلیفەی خوای گەورە بووە لەسەر زەوی، وە بەهەمان شێوە هەموو پێغەمبەرانیش، وە ئەویش وتەکانی سەرەوەی هێناوە"[٩١].

وە پرسیار لە شێخمان محی الدین نەوەوی کرا ئایا دروستە بە یەکێك لە خەلیفەکان بگوترێ: خەلیفەی خوای گەورە، یاخود خەلیفەی پێغەمبەری خوا ـ صلى الله عليه وسلم؟

محمد عەلی صابوونیش ئەفەرمووێ: "ناوبراوە بە خەلیفە چونکە جێنشینی خوای گەورەیە لە جێ بەجێ ئەحکام و فەرمانە خواییەکان، شەڕحی ئەو ئایەتەی بە ئایەتەکەی داود کردووە"[٩٢].

---

[٩٠] (تفسير إبن كثير)(ب١/ل٢١٧) ط. دار طيبة. ئیبلیس هەر لەناو فریشتەکاندا بووە بۆیە ئەویش لەگەڵ فریشتەکان هاتووە. وە لە ڕیوایەتی حاکمدا ناوی ئیبلیس نەهاتووە بەڵکوو ئەڵێ فریشتەی نارد بۆ لایان، وە حاکم سەنەدی ڕیوایەتەکەی خۆی بە صەحیحدانەوەو زەهەبیش موافیقە لەسەری. بڕوانە: (مستدرك حاكم مع تلخيص الذهبِي)(ب٢/ل٢٦١).
[٩١] (حاشية الطيبِي على الكشاف)(ب٢/ل٤٢٥).

ئوستاز دکتۆر وەهبیە زوحەیلیش ئەفەرمووێ: "أتجعل سەرسامیە لەوەی کەوا لە شوێنی گوێڕایەڵی خوازان و خواپەرستان سەرپێچیکەران جێگرەوە بێ"[93]. واتە: فریشتەکان پێیان سەرسامی بووە ئەوان لە گوێڕایەڵی بەردەوامدان ئیتر چۆن کەسانێکی سەرپێچیکار کە ئادەمیزادەکانن ئەبنە جێگرەوەی ئەوان.

خەتیبی شەربینیش ئەفەرمووێ: "مەبەست پێی ئادەمە چونکە خەلیفەی خوای گەورە بووە لە زەویەکەیدا، وە بە هەمان شێوە هەموو پێغەمبەرێکیش خوای گەورە کردوویەتی بە جێ نشین لە ئاوەدان کردنەوەی زەوی و سیاسەتی خەڵکی کامڵکردنی دەروونەکان و جێ بەجێ کردنی فەرمانەکەی لە نێویاندا، ئەمەش بۆ ئەوە نیە کە پێویستی پێیان بێ تاوەکوو بیانکاتە جێ گرەوە بەڵکوو لەبەر کەمتەرخەمی جێگرەوەکەیە لە قەبوڵکردن کە وەریگرتووەو ئەمرەکەی پێگەیشتووە بەبێ ناوەندو هۆکار"[94].

ئەویش لە وەڵامدا فەرموو: بەڵێ دروستە بگوترێ ئەوە خەلیفەی پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وسلم، بەڵام لای زۆرینەی زانایان دروست نیە بگوترێ خەلیفەی خوا، جگە لە ئادەم و داود نەبێ صەڵات و سەلای خوایان لەسەر بێ، والله أعلم[95].

---

[92] (صفوة التفاسير)(ب١/ل٤٠).

[93] (التفسير المنير للزحيلي)(ب١/ل١٢٣) ط. دار الفكر المعاصر

[94] (السراج المنير للخطيب الشربيني)(ب١/ل٤٥).

[95] (فتاوى الإمام النووي)(ل٢٢٥) ط. دار البشائر الإسلامية.

وە سەبارەت بە هەندێ لە موفەسسیرەکان یاخود مێژووناسەکان کە باسیان کردووە کەوا قەومێك هەبووە ناویان (حِنْ) بووە، کە لە زەویدا نیشتەجێ بوونە، جا جنەکان هاتوون ئەوانیان کوشتووەو لە شوێنی ئەواندا جێیربوونە، جا لەو جۆرە داستانانەیە کە هیچ سەنەدێکی صەحیحی لەبارەوە نیە. ئیبن و کەپیر ئەفەرمووێ: "زۆر لە زاناکانی تەفسیر گوتویانە: جن پێش ئادەم دروست بووە سەلامی لەسەر بێ، وە پێش ئەوانیش لە زەویدا (الحِنُّ والبِنُّ) هەبوونە، جا خوای گەورە جنی بەسەردا زاڵ کردن و لە شوێنی ئەوان جێگیر بوون"[٩٦].

عەللامەی کوڕی عاشوڕ لە ڕەددی ئیبن و کەپیردا ئەفەرمووێ: "ئەگەر ئەوە ڕاست بێ کە زەوی ئاوەدانکرابێ لە پێشدا بەهۆی تاقمێکەوە لە مەخلوقاتەکان کە ناویان (الحن والبن)، وە گوتراویشە: ناویان (الطمُّ والرَّمُّ)، ئەوەش لە گومان بردراوەکان هەژمار ئەکەم، وە دانانی ئەو دوو ناوەش لە بابی وتەی خەڵکیە (هیَّان بن بیَّان)، کە ئاماژەیە بە نا مەوجودێك یاخود نەناسراوێك، وە لەوانەشە ئەمە دەستکەوتووترین شت بووە بۆ ئەو کەسانەی کە داستان و چیرۆك ئەگێڕنەوە لە خوڕافیاتی فارسەکان یاخود یۆنانیەکان، چونکە فارسەکان وا گومانیان دەبرد کە پێش مرۆڤ لەسەر زەویدا ڕەگەزێك هەبووە کە ناوی (الطم والرم) بووە، وە یۆنانیەکانیش بڕوایان وابوو کەوا زەوی ئاوەدانکرابۆوە بە مەخلوقاتانێك کە پێیان دەگوترا: (التیتان) وە (زفس) ئەوەش (المشتری) کە گەورەبوونەو بەهۆی خراپەکانیانەوە ئیتر قڕکران"[٩٧].

---

[٩٦] (البدایة والنهایة)(ب١/ل٥٥).

[٩٧] (التحریر والتنویر)(ب١/ل٢٢٨).

تەبەڕی ئەو ڕیوایەتەی هێناوە (عن ابن عباس قال :كان إبليس من حَيّ من أحياء الملائكة يقال لهم"الحِنّ"، خُلقوا من نار السَّمُوم من بين الملائكة قال: وكان اسمه الحارث، قال :وكان خازنًا من خُزَّان الجنة .قال :وخُلقت الملائكة كلهم من نور غير هذا الحيّ .قال :وخلقت الجنّ الذين ذكروا في القرآن من مارج من نار - وهو لسان النار الذي يكون في طرفها إذا ألهبت .قال: وخُلق الإنسان من طين. فأوّل من سكن الأرضَ الجنُّ. فأفسدوا فيها وسفكوا الدماء وقتل بعضهم بعضًا .قال :فبعث الله إليهم إبليس في جند من الملائكة -وهم هذا الحي الذين يقال لهم الحِن - فقتلهم إبليس ومن معه حتى ألحقهم بجزائر البحور وأطراف الجبال. فلما فعل إبليس ذلك اغترّ في نفسه). واتە: ئیبلیس قەبیلەیەك بووە لە قەبیلەكانی فریشتە، كە پێیان گوتراوە: حن، كە لە ئاگرێكی زۆر گەرم دروستكرا لە نێو فریشتەكاندا، ناویشی حاریس بوو، وە فریشتەكانیش هەموویان لە نوور دروستكران لە غەیری ئەو قەبیلەیە، وە جنیش لە ئاگرێكی پاك و صاف و بێگەرد دروستكردووە. جارێ ئەو ڕیوایەتە درۆو دەلەسەیەو موخالەفەی دەقی صەریحی قورئانە.

١ـ گوایە ئیبن و عباس گوتویەتی: ئیبلیس لە قەبیلەیەك بووە ناویان حن بووە سەیركە بزانە خوای گەورە چۆن باسی ئیبلیسی كردووەو لە قەبیلەیەك بووە ﴿وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ كَانَ مِنَ ٱلۡجِنِّ ﴿٥٠﴾﴾[٩٨]، واتە: یادی ئەو كاتە بكەرەوە كە بە فریشتەكانمان گوت سوجدە بۆ ئادەم ببەن ئەوانیش سوجدەكەیان برد ئیللا ئیبلیس نەبێ كە لەجنەكان بوو. سەیركە خودا ئەفەرمووێ: ئیبلیس لە جنەكان بوو. نەك لە خوڕافیاتی حن بێ.

---

[٩٨] سورة الكهف: ٥٠

٢ـ گوایه ئیبن و عباس گوتویەتی: ئیبلیس له (ناری سەموم) دروستکراوەو جاننیش واته: جنەکان له (ماریجی نار) دروستکراوه ئەوەش درۆیەو موخالەفەی قورئانه ئەوەته خوای گەوره ئەفەرمووێ: ﴿وَٱلْجَآنَّ خَلَقْنَٰهُ مِن قَبْلُ مِن نَّارِ ٱلسَّمُومِ ﴿٢٧﴾﴾[99]، جان واته: جنۆکەکان له ئاگرێکی زۆرگەرم دروستکرد. ئەمه یەك، دووەم: له شوێنێکی تردا ئەفەرمووێ: ﴿وَخَلَقَ ٱلْجَآنَّ مِن مَّارِجٍ مِّن نَّارٍ ﴿١٥﴾﴾[100]. جان واته: جنۆکەمان له ئاگرێکی صاف و بێگەرد دروستکرد. لەوەوه دەرکەوت ئەو ڕیوایەته هەڵبەستراوەو مەتنەکەی پێکپرژاوەو پێچەوانەی دەقی قورئانی پیرۆزه. لەوەوه تەفسیرکردنی ئیبلیس به ناری سەمووم و جیاکردنەوەی له جنەکان هەڵەیه چونکه هەموویان له ئاگرن دروستکراون هەروەك خوای گەوره له وەصفی ئیبلیس فەرموویەتی: ﴿قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ ۖ قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِى مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ ﴿١٢﴾﴾[101]. واته: ئەی ئیبلیس چ شتێك ڕێگری لێ کردی لەوەی که فەرمانم پێ کردی به سوجده بردن بۆ ئادەم؟ ئەویش گوتی: منت له ئاگر دروستکردووه.

بەبڕوای من ئەو حنه نوقتەیەکی بۆ نەکراوه له نوسخه کۆنەکاندا ئیتر لێیان بووەته حن، به دەلیلی ڕیوایەتی ئیبن و مەسعود (عن ابن مسعود، وعن ناس من أصحاب النبي صلى الله عليه وسلم":لما فرَغ الله من خلق ما أحبّ، استوى على

[99] سورة الحجر: ٢٧

[100] سورة الرحمن: ١٥

[101] سورة الأعراف: ١٢

العرش، فجعل إبليس على مُلْك سماء الدنيا، وكان من قبيلة من الملائكة يقال لهم الجنّ - وإنما سموا الجنّ لأنهم خزّان الجنة. وكان إبليس مع مُلكه خازنا، فوقع في صدره كبر، وقال :ما أعطاني الله هذا إلا لمزيّة لي)[١٠٢]. واته: لەو کاتەی کە خوای گەورە لە دروستکردنی بوونەوەرانی بوویەوە لەوەی کە ئەیویست، ئیستیوای کرد لەسەر عەرشدا، ئیبلیسی کردە فەرمانگوزاری موڵکی ئاسمانی دونیا، کە لە قەبیلەیەك بووە لە فریشتەکان کە پێیان ئەگوترا: جن، وە لەبەرئەوەش پێیان گوتراوە جن چونکە دەرگاوانی بەهەشت بوونە، وە وێڕای فەرمانبەریەکەی لە ئاسمانی دونیا دەرگاوانی بەهەشتیش بووە، ئیتر کەوتە خۆبەگەورەزانین کەوتە نێو نەفسیەوەو گوتی: خوای گەورە ئەوەی پێ نەداوم ئیللا لەبەر ئەوە نەبێ کەوا من زیادە فەزڵ و تواناو شتم هەیە لەبەرهەندێ.

جا سەیری ڕیوایەتەکە بکەن لێرە بە قەبیلەی جن وەصفی کرا کە لە خەتتی قورئان لای نەداوە، بۆیە من پێم وایە نوقتەیەك نەکراوە لە نوسخە کۆنەکان ئیتر وایان زانیوە حن، چونکە ئەگەر وا نەبێ ئەوە موخالەفەی قورئانە چونکە خودا بەو گەورایەتیەی خۆی بڵێ ئیبلیس لە جنەکانە ئیتر چۆن بڕوا بە ڕیوایەتێکی زەعیف ئەکرێ.

جا ئەوەی ئیبن و کەثیر ئەیڵێ زۆرینەی موفەسسیرەکان ئەڵێن ئەمە جێگای تێبینیەو ڕاست نیە یان ئەوەتا موفەسسیرەکان خۆیان لێ بێ دەنگ کردووەو هەر بەسەریا ڕۆیشتوون یانیش ئەوەتە لەوەیان نەکۆڵیوەتەوە. ئەوەی ڕاست و دروست بێ تەفسیری ڕیوایەتی دووەمە هی ئیبن و مەسعود، خوای گەورەش بە ڕاشکاوانە

---

[١٠٢] (تفسير الطبري)(ب١/ل٤٥٨/ذ٦٠٧).

ئەفەرمووێ: جن و ئینسانم دروست نەکردووە ئیللا بۆ پەرستنی من نەبێ. ئیبلیس و جانن هەمووی مەفهوومی جن ئەگەیەنن، بەڵام جن لەناو خۆیان قەبیلەیان زۆرە. هەروەکوو چۆن لە ناو مرۆڤەکانیش قەبیلە زۆرە. وە ئەگەر سەدا یەکیش گریمان حن بونیان هەبووبێ ئەوە لە ئاگربوونەو پێکهاتەیان جیابووەو ئەوە ناگەیەنێ کە ئادەم لەوان دروست بووبن، بۆیە لە هەموو لێکۆڵینەوەکان شتێکتان بەدەستەوە نەماوە بۆ سەلماندنی ئەو بیروباوەڕە پووچەتان کە گوایە ئادەم لە ئینسانی پێش خۆی بووە.

ئەوەش بزانە هەموو موسسیرەکان ئەمانەو غەیری ئەمانەش باسی ئەوەیان نەکردووە کەوا ئینسان هەبووبێ بەر لە ئادەم، دواتر ئادەم و نەوەکانی جێی ئەوانیان گرتبێتەوە نەخێر هەموویان لەوە یەکدەنگن کە ئادەم یەکەم ئینسان و بەشەرە بەس لە تێگەیشتن لە خەلیفایەتیەکەی ڕاجیایی لە نێوانیاندا هەیە هەروەك لەسەرەوە هێنامان. لێرەش بێ هیوا بوون کەوا بتوانن خەڵك گومڕا بکەن و ئادەمی بکەنە خەلیفەی ئینسانی پێش خۆیان بە حیسابی خۆیان.

وە سەبارەت بەو وتەیەش کە گوایە پێش ئادەم هەزار هەزار ئادەمی تر هەبووە، ئەوە جگە لە درۆیەك زیاتر هیچی تر نیە، دوو ڕۆژان بە شوێنی گەڕام لەناو ئینتەرنێت و سەرچاوەکان کەچی لە هیچ سەرچاوەیەکی سوننە نەم دۆزیەوە جگە لە سەرچاوەی شیعەکان نەبێ، شیعەش بەناوبانگە لە درۆو داستان و خوڕافیات.

جا ئەوە تەنیا هەندێ لە وتەی ئەو زانا مەزنانە بوو ئەگەر وتەی موفەسسیرانم بهێنایەتەوە ئەوە زۆر زۆر درێژ ئەبوویەوە، بۆیە لەوەوە دەرکەوت هیچ جیاوازیەك

نیە لە نێوان إنسان و بەشەردا، بە یەك مەخلوق گوتراوە کە ئادەم و نەوەکانیەتی. (جن و ئینسم دروست نەکردووە ئیللا بۆ ئەوە نەبێ کە بم پەرستن) ئەگەر ئادەم یان إنسان هەبێ پێش ئادەم وە پێیان بگوترێ ئینسان ئەوە ئەبێ چەند شتێکی لێوە لازم بێ یەکەم: خاوەن ڕوح بێ، چونکە مرۆڤ بەوەوە ڕاگیرە بەس لەبەرئەوەی ئەمانە نە لە زانستی کەلام شارەزان وە نە لەفەلسەفەش وە نە لە تەفسیرو زمانی عەرەبی ئەیانەوێ بلێن ئەوانەی پێش ئادەم ڕوحیان نەبووە، ئەو درۆیە گەورەتان لە کێ هێنا. وە دووەم: ئەبێ خاوەن عەقڵ بێ، چونکە تەکلیف لە خاوەن عەقڵ دەکرێ، نەك کابرایەکی بێ عەقڵ. جا ئەگەر مرۆڤەکانی پێش ئادەم و ڕۆحیان نەبێ و عەقڵیان نەبێ یاخود بەحیسابی ئێوە کامڵ نەبووبن ئەوە چۆن فەرمانی خودا جێ بەجێ دەکەن و ئەیپەرستن کە خودا بەیانی کردووە کەوا جن و ئینسی بۆ پەرستنی خۆی دروست کرووە، کەسێ ڕۆحی پێ نەدرابێ یانی چی؟ بەچی ڕاگیرکراوە؟ بۆیە هەموو موفەسسیرەکان و صەحابەو خودی پێغەمبەریش صلی الله علیە وسلم، ئەو ئایەتانەیان بە ئادەم و نەوەکانی ئادەم داناوەو کە یەکەم مرۆڤن لەسەر ئەم زەویە.

جا من عەجیبم بەو فەریکە بەناو نوێخوازانەی ئێستاکە دێ کە هەندێکیان دەهۆڵ لێدەری عەلمانیەکانن ئەیانەوێ جیاوازی بخەنە نێوان ناوی ئینسان و بەشەر، بۆیەش ئەو تەفسیرە نا زانستیەیان کرد تاوەکوو بیردۆزی دروستکردنی ئادەم لەگەڵ بیردۆزی چارڵس داروین بەرامبەر بکەن و دروستکردنی ئادەم بە یەکەم ئینسان و بەشەر دانەنێن، بەڵکوو بە حیسابی خۆیان ئادەم لە ئینسانی پێش خۆی لە دایکبووە. ئەمەش پێچەوانەی بیردۆزی قورئان و هەموو تەفسیرە کۆن و نوێکانی ئەم ئوممەتی ئیسلامەیە، بۆیە ئاگادار بن و گومڕاتان نەکەن، وە

هەردەم بۆ مەفهوومی گشتی دین بگەڕێنەوە بۆ زاناکانی پێشین و پاشین چونکە هەمووی عەللامەو پرۆفیسۆر بوونە لە زمانی عەرەبی و دەقە شەرعی و عەقڵیەکاندا، کە ئەم فەریکە خوێندەوارە عەلمانیانە دوو کتێبی نەحوو صەرف و باقی زانستەکانی تریان نەخوێندووەتەوە بوونەتە دەم ڕاستی ئەو خەڵکەو ئەوەی لە تاقیگەکان بە هەزار درۆو دەلەسە دەرەنجام دەکرێ بێ ئەوەی تاقی کردنەوە لەسەر DNA ئەو حەفریاتانە بکەن کە ئەمەش مەحاڵەو هەرگیز ناتوانن چونکە شی بۆتەوەو تەنیا چەند شوێنەوارێکیان دۆزیوەتەوە ئەیانەوێ بڵێن ئەوانە پێش ئادەمن و شکڵیان لە مەیموون ئەچێ، ئەوانەی خۆشمان ئەیانەوێ لەگەڵ دەقە عەقلی و نەقلیەکانی دین یەکی بخەن تا بڵێن ئەوەتە دینی ئێمەش توێژینەوەو بیردۆزەکەی ئێوەی بەڕاست داناوە، وە ئەگەر موسڵمانێکی زانستخوازیش ڕەددیان بداتەوە ئەوە ناوی غەبی و جەهل و دواکەوتوو عەقڵ بەستوو و ناوی تریان لێ ئەنێن، یاخود دەڵێن موفەسسیرەکان نەیانزانیوەو نەیان پێکاوە، منیش ئەڵێم: تۆیەکی عەرەبی نەزان هاتووی عەرەبی تەفسیر دەکەی بەبێ ئەوەی بگەڕێیەوە بۆ سەرچاوەی زوڵاڵی زاناکان. وە کۆتا وتەشم بۆ ئەم باسە وتەی هەندێ لە زانا فەیلەسووفە ئیسلامیەکانە لەوانە: نوێکەرەوەی دین لە سەدەی چوارەمی کۆچی کە شێخمان ئوستاز ئیبن و فۆڕکی ئەشعەریە کە لە ڕەددی تەتەوڕیەکان و غەیری ئەوانیش لەشەرحی ئەو فەرموودەیەدا (إن الله خلق آدم على صورته)، واتە: خوای گەورە ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی دروستکردووە. جا ئێمە ناتوانین هەموو تەئویلەکان بهێنین تەنیا ئەوە ئەهێنین کە ڕەددی تەتەوڕیەکانی داوەتەوە کە ئەفەرمووێ: "ئەگەر گوتمان هائەکە ئەگەڕێتەوە بۆ ئادەم سوودمان پێئەگەیەنێ لە پووچەڵکردنەوەی وتەی ئەهلی زیمە (کە جولەکەو دیانەکانن) بەوەی کەوا پێیان

وابوو: "هیچ ئینسانێك نەبووە ئیللا لە دڵۆپێکی تربووە، وە دڵۆپێکیش نەبووە ئیللا لە ئینسانێکی تر بووە لەوانەی کە ڕابوردوون و لەوەیشی کە دێ، جا بۆ ئەمەش یەکەم و کۆتایی نیە، وە خەڵکیش نەقڵ ئەبن لە دروستبوون و گەشەکردن بەو تەڕتیبەی کە خەڵکی لەسەری ڕاهاتووە"، جا ئەگەر ئەمە ئاوابێ بۆ هەتایش هەروایە، بۆیە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ئاشنای کردین بەوەی کە بەدرۆ بخرێنەوە، وە یەکەم مرۆڤێکیش ئادەمە سەلامی لەسەر بێ کە لەسەر ئەو شێوەیەی دروستی کرد کە ئادەم لەسەری بووە، وە لەسەر ئەو شکڵ و شێوازە دروستی کردووە کە لێیەوە بینراوە بەبێ ئەوەی لە دڵۆپێکی پێش خۆی بووبێ یاخود زاوزێی کردبێ یاخود نەقڵ بووبێ لە بچووکیەوە (واتە: منداڵێتی) بۆ گەورایەتی وەك ئەوەی زانراوە لە ئەحواڵی نەوەکانی، جا ئەوەی کە بەڵگە عەقڵیەکان دەلالەتی لەسەر ئەکەن بەوەی کەوا ئەو جیهانە سەرەتاو کۆتایی هەیە.

وە ئەوەیشی کە بە بەڵگەی بیستەنیەوە (واتە: دەقی شەڕعیەوە) ئیفادە ئەکردێ کەوا ئەصڵ تیایدا ئەوەیە لە دایکبوونەکەی بە لە دایکبوونی پێشەخۆی نەبووە بەڵکوو دروستکراوە بەو شێوازەی کە لەسەری بووە کە ئەویش ئادەمە سەلامی لەسەر بێ، خوای گەورە دروستی کردووە لە قوڕێکی وشکبووی وەکوو فەخفووری پاشان ڕووحی تێدا دروستکرد کە هەرگیز لە پێشدا لە پشتی هیچ کەسێك ڕەحمی هیچ کەسێکا نەبووە، وە هەرگیز پارچە خوێن و پارچە گۆشت و هەرزەکارو منداڵ و نەبووە بەڵکوو وەکوو مرۆڤێکی ڕێك و پێك وەك ئەوەی ئەبینرێ خوای گەورە دروستی کرد.

خوای گەورە ئادەمی لەسەر ئەو شێوەیە دروستکرد کە لەسەری بووە بەبێ ئەوەی (ئەو شێوەی) دروستکرابێ یاخود شتێك لەو دروستکرابێ لە ڕێگەی لە دایکبوونی توخمێك یاخود کاریگەری تەبع و سروشتێك یاخود ئەستێرەیەك یاخود شەوێك یاخود ڕۆژێك ئەمەش وەك پووچەڵکەرەوەیەك وایە بۆ وتەی سروشتچیەکان (تەبعچیەتیەکان) کە ئەیانگوت: "هەندێ لەوەی کە ئادەم لەسەری بووە سەلامی لەسەر بێ لە شکڵ و شێوەدا خوای گەورە دروستی نەکردووە، بەڵکوو ئەم دروستبوونەی کاری سروشتە یاخود کاریگەری ئەستێرەیە"، بۆیە لەوەوە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئاگاداری ئەوەی داوە کەوا خوای گەورە خۆی بەدیهێنەری ئادەمە سەلامی لەسەر بێ لەوەی کە تیایا بووە لە شێوەو شکڵ و پێکهاتەکانی کە بۆ دروستکردنی وێنەیەك لە وێنەکان یاخود شێوەیەك لە شێوەکانی هیچ کەسێکی لەگەڵدا بەشداری پێ نەکردووە جگە لە خودی ئادەم نەبێ، لەوەوە سودی پووچی ئەو وتەیەمان بۆ دەرکەوت کە ئەیانگوت: بە لە دایکبوونی سروشت و هێنانە کایەوەی بۆ وجودو کاریگەری ئەستێرەو گۆڕانکاریە تیایدا(واتە: ئەیانگوت: شێوەو شکڵی ئادەم و ماددەکەیی و جەستەکەی لە سروشت  و تەبعی شتێك یاخود کاریگەری دەورانی ئەستێرە پەیدابووە)، جا ئادەمی تایبەت کرد سەلامی لەسەربێ بە باسکردنەکەی وەك ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ هەرکەسێ بەشداری پێ ئەکات لەو دروستکراوانە لە مانایەکەی ئەمەش ڕێگای عەرەبە لە تێگەیشتندا...، جا ئەگەر زانی شێوەی ئادەم و پێکهێنەرەکانی و شکڵەکەی هیچ کەسێك دروستی نەکردووە جگە لە خوای گەورە نەبێ ئەوە تێکڕای شێوەکان ئەزانێ هی نەوەکانی ئادەم و غەیری ئەوانیش حوکمەکەی بەو شێوازەیە.

وه هەندێکیشیان گوتویانە: هائەکە ئەگەڕێتەوە بۆ هەندێ ناودارەکان لە خەڵکیدا، وە سوددیش لە هەواڵەکەدا ئەوەمان بۆ دەرئەخات کەوا شێوەی ئادەم لەسەر ئەو شێوازە بووە وەك پووچەڵکردنەوەیەك بۆ گومانی ئەو کەسەی کە ئەڵێ: ئادەم لەسەر شێوازێکی تر بووە، هەروەکوو لە هەندێ ڕیوایەتەکان هاتووە باسکردنی درێژی و باڵای کە جێگای باوەڕپێکردن نیە، چونکە لەفەرموودەی صەحیح نەهاتووە، بەڵکوو ئەوەی پشتی پێ بەستراوە لە وێنەی ئەو ڕیوایەتانە لەسەر کەعب کوڕی ئەحبارو وەهبی کوڕی مونەببیهەوە لە فەرموودەکانی تەورات، کە هیچ شتێکیش لە مانە جێگای باوەڕپێکردن نیە، وە نەشسەلمێنراوە لە ڕوویەکی تردا کەوا شکڵی ئادەم بە پێچەوانەی ئەو شکڵە بێ کە لەحەددی زیادەی دەربچێ وەك ئەوەی زانراوە وێڕای جیاوازیەکانی مرۆڤەکانیش"[١٠٣].

وە هەتا شێخولئیسلام قازی ئەبو بەکری باقللانی لە ڕەددی نەصڕانیەکان گوایە خودا ناوی عیسای بە ئیلاه ناوبردووە لەسەر زاری پەیڕەوانیان جا ئەویش ئەفەرمووێ: "گوتیان: عیسا خودایە لەبەرئەوەی کەلیمەی خودا یەکی گرت لەگەڵ عیسا لەبەرئەوەی کوڕە بەبێ ئەوەی لە نێرینە لە دایکبووبێ، ئەمە وانیە ئەوەی کە ئێوە ئەیڵێن لە بارەی پێغەمبەرانەوە بەڵکوو لەوەڵامیاندا پێیان ئەگوترێ لەسەر ئەو قیاسەی ئێوە ئەوە واجب ئەکات کەوا ئادەمیش سەلامی لەسەر بێ خودا بووە چونکە بەبێ دایك و باوك دروستبووە، کە دوورترینە لە سیفەتی پەیدابوون لەبەرئەوەی لە سکی مەریەم و غەیری ئەویشدا نەبووە، وە لە هیچ مەعدەنێکی منداڵیشدا نەبووە (واتە: نوتفە نەبووە)، وە لە شوێنی ڕەحم و

---

[١٠٣] (مشكل الحديث وبيانه للمجدد العلامة المتكلم الشيخ أبو بكر محمد بن الحسن بن الفورك الأنصاري الأصبهاني ـ المتوفي٤٠٦هـ)(ل٥٢) ط. عالم الكتب

منداڵدانیش نەبووە، وە ئەوەش واجب ئەکات کەوا حەووا خودا بێ چونکە لە پەراسووی ئادەم دروستکراوە بەبێ نێرو مێ کە ئەوەش دوورترینیانە (کە ببێت بە خودا)، وە بەهەمان شێوە داوایان لێ ئەکرێ لە واجبێتی خودی فریشتەکانیش خودا بن چونکە لە نێرو مێ نینە"[١٠٤]. وە لە کتێبێکی تریدا باسی قۆناغەکانی دروستبوونی ئادەم ئەکات لە قوڕو وشکبوونەوەو تا ئەگاتە قۆناغی پێدانی ڕووح[١٠٥].

شێخمان ئیبن و حەجەر لە شەڕحی فەرموودەی (خلق الله آدم على صورته، وطوله ستون ذراعا) ئەفەرمووێ: "ئەم ریوایەتە پشتگیری ئەو وتەیە ئەکات کە ئەڵێ: "رزەمیرەکە بۆ ئادەم ئەگەڕێتەوە"، مانای وایە: خوای گەورە بەدیهێناوە لەسەر ئەو شێوەیەی کە ئادەم لەسەری بووە کە شەست قۆڵ و گەز بووە، کە نەقڵ نەبووە لە پێکهاتەیە، وە لە ڕەحمەکانیش دەستاو دەستی نەکردووە بە چەندەها تەورو قۆناغ هەروەکوو ڕۆڵەکانی بەڵکوو خوای گەورە دروستی کرد بە پیاوێکی کامڵ و ڕێك و پێك هەر لەسەرەتای دەستپێکی بەبەرداکردنی ڕووح، ئینجا دوای ئەو وتەیەی کە (باڵای شەست گەز بووە) ئەوە زەمیری هاکە ئەگەڕێتەوە بۆ ئادەم، وە گوتراوە: مانای وتەی (لەسەر شێوەی) واتە: کەسی بەشدار نەکردووە لەو دروست کردنە لە بوونەوەرانی، ئەمەش ڕەتدانەوەی وتەی سروشتچیەتیەکانە"[١٠٦].

---

[١٠٤] (تمهيد الأوائل وتلخيص الدلائل للقاضي أبو بكر محمد بن الطيب بن محمد بن جعفر بن القاسم الباقلاني الأشعري المالكي ـ المتوفي ٤٠٣هـ)(ل١٢٢) ط. مؤسسة الكتب الثقافية.

[١٠٥] (الإنتصار للقرآن الكريم)(ب٢/ل٧٢١) ط. دار الفتح ـ دار إبن حزم

[١٠٦] (فتح الباري)(ب٧/ل٨) ط. دار الفكر

عەللامەی شەهرستانیش ئەفەرمووی: "یەکەم گومان کە دروست بوو لە بونیادو پێکهاتەی دروستکردنی ئادەم، گومانی ئیبلیس بوو نەفرینی خوای لەسەر بێ، وە سەرچاوەکەشی زاڵکردنی ڕەئیەکەی بوو لەبەرامبەر دەق، وە هەڵبژاردنی هەواکەی بوو لە بەرپەرچدانەی فەرمانەکە، وە خۆبەزلزانینەکەی بوو بەو ماددەیەی کە لێی دروستکرابوو کە بریتیە لە ئاگر لەسەر ئادەم بەوەی کە لە قوڕ دروستکراوە، جا ئەم گومانە حەوت گومانی تری لێ بووەوە، لەوەوە چووە نێو زیهنی خەڵکی و هەتا بووە مەزهەبانێکی بیدعەو گومڕایی، وە ئەو گومانانەش نوسراوەتەوە لە شەڕحی چوار ئینجیلەکان (لۆقا، مارقۆس، یۆحەننا، مەتا)"[١٠٧].

بۆیە تکایە وریای درۆکانی تەتەوریەکان بن ئەمەش بەگەڕانەوە بۆ تێگەیشتنی زانا ڕەسەن و ڕۆچووەکانی دین، ئیمامی موسلیمیش لە ئیبن و سیرینەوە ریوایەتی کردووە کەوا فەرموویەتی: "ئەو زانستە دینە، سەیرکەن بزانن دینی خۆتان لە کێ وەرئەگرن". ئێوەش سەیرکەن بزانن دینی خۆتان لە فیلمە سینەماییە مەیموونەکان و درۆو دەلەسەی بەناو شوێنەوار دۆزراوەکان و ژمارە خەیاڵییەساڵەکان و خاصیەتی ئێسکەکان و کتێبە فریودەرەکان وەردەگرن یان لە خواو پێغەمبەرو زانا ڕۆچووەکانی ئەو دینە پارێزراوە؟!

---

[١٠٧] (الملل والنحل للعلامة المتكلم أبو الفتح محمد بن عبد الكريم بن أبي بكر أحمد الشهرستاني ـ المتوفي ٥٤٨هـ)(ب١/ل١٤) ط. مؤسسة الحلبي

وصلى الله على سيدنا **محمد** قرة وتاج رأسي بأبي أنت وأمي، وعلى آله وصحبه وسلم تسليما كثيرا، والحمد لله رب العالمين

**باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان**

**هەولێر ٢٠٢٠/٨/١٢**